دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٣٥، یەکشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com


**پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دوکتور بەرهەم ساڵح**

بەڕێز/ دوکتور بەرهەم ساڵح،
به سڵاو و ڕێزەوە
به بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان بۆ سەرکۆماریی عێراقی فیدراڵ، بەگەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم،
هیوادارم لەو بەرپرسایەتییە نوێیەدا لەسەر بنەماکانی یاسای بنەڕەتی عێراقی فیدراڵ و گیانی هاوکاری و پێکەوەژیانی گەلانی ئەم وڵاتە سەرکەوتوو بیت.
لەگەڵ ڕێزی دووبارە
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری



ستراتیژی یەکیەتیی ئورووپا لە بەرانبەر ئێران ٤



ڕۆژە چارەنووسسازەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەن ٦


لەک، دڕکی چاوی دوژمنانی گەل ٨


وتووێژی کوردستان لەگەڵ محەممەد ساحێبی ١٠


# مانۆڕی ترس لە کوردستان



لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا و لە پاش شکستهێنانی لە کردەوەی تیرۆریستیی مووشەکباران کردنی بنکە و بارەگاکان و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و دەرکەوتنی ئەمنیەتە پووشاڵییەکەی لە ڕەوتی ڕێژەی سەربازی پاسداران لە ساڵیادی دەسپێکی شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە ئەهواز، کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵکی ئاسایی کە لە ٢١ی خەرماناندا "نا"یەکی بەهێزیان بە تەواوییەتی ڕێژیم گوت و هەروەها بۆ بەخشینی ورەیەکی نوێ بە چەکدارە ترساو و زەندەقچووەکانی مانۆڕێکی سەرتاسەری بە تەکووزی لەسەر کوردستان، لە ئێراندا بەڕێوە برد.

لەم مانۆڕە سەربازییەدا کە لە ڕێگەی سپای تێرۆریستی پاسداران ئەنجام درا، کەڵک لە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی کڕدراو لە ڕووسیە و چین وەرگیرابوو کە کۆماری ئیسلامی بە هەرزانفرۆش کردنی ئاو و خاکی ئێران وەدەستی هێناون.

بەپێی دوایین هەواڵەکان لەمبارەوە ڕێژیم وێڕای هەوڵ و پەلەقاژەی زۆری بۆ فراوانکردنی تۆڕی بەسیج دروستکردن و بەکرێگیراو سازکردن، ترسێکی زۆری لە ڕاپەڕین و هەستانەوەی خەڵک، بەتایبەت لە نێو نەتەوە ستەملێکراوەکاندا بۆ درووست بووە و ئەم مانۆڕە سەربازییە و گواستنەوەی چەکوچۆڵەکانیش بۆ شاردنەوەی ترسی ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە داهاتووی ڕووخانی ڕێژیمە.

لە کردەوە و سیاسەتەکانی پێشووی ڕێژیمدا ئەوە ئەزموون کراوە کە لە وەها مانۆڕ و نمایشگەلێکدا، ئەگەر بیهەوێ زەربەی ناکاو لە خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسی بوەشێنێ و بەقەولی خۆیان مەترسییەکانی سەر نیزامەکەیان کەم بکەنەوە.

ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر و لە چوارچێوەی هەمان مانۆڕی سەرتاسەری، عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم کە کەمتر وا پێش دێت لە بۆنەیەکی وەهادا قسە بکات، لە ستادیۆمی ئازادیی تاران و لە نێو بەسیجییە گوێڕایەڵەکانی خۆیدا، جیا لە پیداهەڵکوتن بە جینایەتەکانی ڕیژیمەکەی لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوو باسی لەوە کردووە کە ئێمە شانازی بە مێژوو و ڕابردوومانەوە دەکەین کە ناڕاستەوخۆ شانازی کردنە بەو دەسەڵاتەی کە ئەوان بە "تاغووت" ناویان لێ دەبرد.

جگە لەمەش ڕوو لە بەسیجییە گوێ لە مستەکانی وێڕای بە "هەستیار" وەسف کردنی دۆخی زاڵ بە سەر ئێران و بەهێزبوونی هەر ڕۆژ زیاتری ئەگەری شۆڕشێکی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتەکەی نەیتوانی ترسی خۆی لە داهاتووی نادیاری ڕێژیمەکەی بشارێتەوە و وتوویەتی: وڵات هی ئێوەیە و ئێوەش وەکوو جیلی دەیەی ٦٠ کە بەرەوڕووی دوژمنان بوونەوە، دەستتان ئاوەڵایە بۆ داکۆکیکردن لەم دەستکەوتانەی کە بەدەستمان هێناوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەتوانێ وەک بڕیارێک بۆ هێرش و پەلاماریش مانای بۆ بکرێتەوە.

پرسی جێگەی سەرنج لەم نێوانەدا ئەوە بوو کە ڕێژیم لە ترسی ئەوەیکە تەنانەت بەشێک لە کارمەند و پاسدارەکانیش ئامادە نەبوون بەشداری لەو مانۆڕەدا بکەن، بە هەڕەشەکردن و میکانیزمی وەک "پاڕانەوە" و "تەماحوەبەرنان" خەڵکیان پەلکێشی شوێنی مانۆڕەکان کردبوو و بەم چەشنە سەرقاڵی جەوسازی و خۆنواندن و مانۆڕدان بوون.

لە نێوئاخنی ئەم مانۆڕەدا کە بە چەکوچۆڵی قورس و نیوەقورس ئەنجام درا، جارێکی دیکە لە کوردستاندا ناخی پڕ لە کێشە و دژایەتی بەرامبەر بە کورد و کوردستانی خستە ڕوو و جگە لە تێکدانی باری ئارامی خەڵکی کورد، بووە هۆی لەنێوچوون و سووتاندنی چەندین هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان.

لەمبارەوە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە دووتوێی هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە کە تەنیا ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕەزبەر، لە کاتی مانۆڕی سپای پاسداران لە شاخی شاهۆ، بە تۆپبارانی ئەو زەنجیرە شاخە، بەتایبەت لە گوندەکانی لۆنی سادات و تیلەکۆ، ڕێژیم بووە هۆی ئاگردانی چەندین لەوەڕگە و سووتانی دارستانەکانی ئەو زنجیرە شاخە. لەو مانۆڕەی سپای پاسداراندا لە گوندەکانی لۆن و تیلەکۆ، لەوەڕگەکانی "کانی زارا، بیرە هەرجینە و مازەرد" ئاگریان گرت و سووتان.

هاوکات لەگەڵ ئەم مانۆڕە، ڕێژیم لە هەوڵی زیاترکردنی هێزە سەرکووتکەرەکانی لە نێو شارەکانیشە و بەپێی دوایین زانیارییەکان لە شارەکانی کوردستاندا و بە کەڵکاژۆوەرگرتن لە دۆخی نالەباری ئابووریی خەڵکی کورد، دەیهەوێ لەژێر ناوی دامەزراندنی لاوانی بێکار، بێکاری و هەژاری لاوان وەک هەلێک بقۆزێتەوە و لەم ڕێگەوە لاوانی کوردستان لە ناوەندە داپڵۆسێنەرەکانیدا دابمەزرێنێت و لە کاتە پێویستەکاندا لە دژی نەتەوەکەی خۆیان بەکاریان بهێنێت.

ئەم سیاسەتەی ڕێژیم کە بە سیاسەتی "کورد بە کورد کوشتن" ناسراوە هەرچەند مێژووەکەی بۆ سەرەتای دامەزرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە بەڵام لەخۆیدا نیشاندەری ئەوپەڕی دژەگەلیبوونی ڕێژیمیشە؛ جیا لەمەش بەپێی دوایین زانیارییەکان، ناوەندە ئەمنییەتی و نیزامییە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم، لە چەندین شاری کوردستاندا بۆ تۆقاندن و سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان، دەستیان کردووە بە دامەزراندنی کەسانی چەقۆکێش و شەڕفرۆش تاکوو هاوشێوەی "شەعبان بێمۆخەکان"ی سەردەمی دەسەڵاتی پێشوو بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەر بگرێ.

**پەیڤ**

## لە لێواری مەدیتەرانەوە بۆ تاران

### کەریم پەرویزی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چەند ساڵ پێش ئێستا کە سەرهەڵدانی خەڵک لە سووریە دەستی پێکرد، لە ترسی ڕووخانی ئەسەدی هاوپەیمانی، بە هەزاران هێزی نیزامی و بە سەدان میلیارد دۆلاری داهاتی وڵاتی ئێرانی هەزینە کرد تاکوو ڕێژیمی تاوانباری بەشار ئەسەد بپارێزێ و بیانووی ئەوە بوو کە سووریە و لوبنان و عێراق ، قووڵایی ستراتیژیکی ڕێژیمن و تەنانەت دەیانگوت کە سووریە لە خووزستانیش گرنگترە! بۆیە دەبێ لە سووریە شەڕ بکەن تاکوو شەڕ نەبرێتە نێو سنورەکانی ئێران.

لە سەردەمانی کۆندا، هەخامەنشییەکان، کە کۆمەڵێک لە خێڵ و تایفە و قەبایلی کۆچەری و تاڵانکەر بوون و وەکوو داعش هێرشیان کرد سەر شارستانیەتی ماد و لە نێویان بردن، پاشایەکیان بەناوی کەمبووگیە، تا سەر لێواری مەدیترانە ڕۆیشت و ویستی لەو دەریایە بپەڕێتەوە بۆ ئورووپا و یۆنان داگیر بکا، بەڵام شەپۆلەکانی دەریا هێزەکەیان تێک شکاند و ئەو پاشایەش کە خۆی بە خودا دەناساند فەرمانیدا کە دەریا شەللاق لێ بدەن! دوایە لە سووریەدا بریندار بوو و لە عێراقدا بە زەلیلی لە جێگادا مرد! مێژووی ئەم ناوچەیە سەیر دووپات دەبێتەوە!

کۆماری ئیسلامیش وەکوو زۆربەی هەرەزۆری دەسەڵاتدارانی نیمچە بیابانی فەلاتی ئێران، کە هەستیان کردووە کە بە دڕندەیی، هەندێک هێزیان پەیدا کردووە و شارستانیەتی ناوچەیان وێران کردووە، تەماحی گەیشتن بە مەدیتەرانە و پەڕینەوە بۆ ئورووپایان بەر کەوتووە بەڵام گەیشتنیان بە لێواری مەدیتەرانە، خاڵی کۆتایی سەفەرەکەیان بووە و بە شەپۆلانێک خراونەتەوە نێو پێتەختەکەیان و کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێناوە.

کۆماری ئیسلامی دەیگوت کە دەبێ لە سووریە شەڕ بکات تاکوو شەڕ لە نێو سنوورەکانی خۆی نەکا. لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە لازقیە و لێواری مەدیتەرانە، فڕۆکەی ئیسراییلی و ناوچەی فەڕانسەوی هێرشیان کردە سەر بارە تەقەمەنی و مووشەکەکانی سوپای پاسداران و زەربەیەکی قورسیان لێ دا. دوایەش وڵاتانی فەرانسە و ئاڵمان و سەرۆکی ناتۆ و کەسانی دیکەش ڕایانگەیاند کە هێزەکانی سوپای پاسداران و ڕێژیمی ئێران دەبێ لە سووریە دەربکرێن.

شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی دەیگوت لە سووریەی دەکا و لە خوزستانی پێ گرنگترە، لە ئەحواز ئێخەی گرتەوە و خامنەیی فەرمانی دەرکرد کە مووشەک


درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات: خەڵکی کوردستان نیشانی دا کە پشتیوانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی خۆیانن

**ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی دوایین دانیشتنی خۆی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا سپاسی خەڵکی کوردستانی کرد.**

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ ئاگاداری ڕای گشتی ڕادەگەیەنین کە ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا.

کۆبوونەوەکە بە ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.

سەرەتا بەڕێز حەسەن شەرەفی بەرپرسی ناوەندی سیاسی، باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی کاریی کۆبوونەوە و هەروەها ئەو باس و بابەتانەی کە لەو هەلومەرجەدا پێویستە گرینگییان پێ بدرێت، پێشکەشی کۆبوونەوە کرد.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ڕاوبۆچوونەکانی وڵاتان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ مووشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی دێموکرات و شەهیدکرانی ١٦ کادر و پێشمەرگە و برینداربوونی زیاتر لە ٤٠ کەس پاش دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان بەم ئاکامە گەیشتن کە هەڵوێست و ڕادەربڕینی ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەرێنی بوون، بە تایبەت ئەویکە بۆ یەکەم جار لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە حیزبی دێموکرات کەوتە بەرباس کە ئەوە لەخۆیدا هەنگاوێکی نوێ بوو لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

هەڵوێستی بەشێک لە لایەنە کوردییەکان ئەرێنی و بەشێکی دیکە هەرچەند بارتەقای چاوەڕوانییەکانی ئێمە نەبوون و تا ڕادەیەک بەرژەوەندی حیزبی و ڕێکخراوەییان تێدا ڕەچاو کرابوو، بەڵام هەر ئەوەندە کە لە ئاست ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون جێگای پێزانینە.

کۆبوونەوەکە لە چوارچێوەی ئەو هەڵوێست گرتنانەدا، هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەدەنگ بانگەوازی زۆربەی حیزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە بۆ مانگرتنێکی گشتی و بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هاتن و بەم حەرەکەتیان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان تاساند، بە هەڵوێستی مێژوویی، پڕبایەخ، شوێندانەر و جێگای ڕێز و پێزانین زانی. ئەوەش لە ڕاستیدا بەرهەمی فیداکاری و لەخۆبردوویی خەڵکی کوردستان بوو کە نیشانی دا پشتیوانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی خۆیانن و ئەوان بە نوێنگەی ویست و داخوازە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان دەزانن. هەروەها بەرهەمی ئەو یەکهەڵوێستی و یەکدەنگییەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بوو کە لە شێوەیەکی کەموێنەدا خۆی دەرخست، هەر بۆیە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی، حیزبی ڕاسپارد پەرە بەم یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییە بدرێ و ڕێگا بە هێندێ کردار و وتار نەدرێ کە یارمەتی بە بوونی کەش و هەوایەکی سالمی سیاسی ناکا کە لەو هەلومەرجەدا زۆر پێویستە.

کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە لە سەر ئەو باس و بابەتانەی کە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی حیزبدا لە پێوەندی لەگەڵ بردنەسەری باری ئەمنییەتی هاوڕێیان و بنکە و بارەگاکانی حیزب ئاماژەیان پێدرابوو پێی داگرتەوە و ڕێکاری ئەم گرینگەی دەسنیشان کردن.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسیدا پێشنیاری لێپرسراوی گشتیی حیزب بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە پێوەندی لەگەڵ ناساندنی هاوڕێی بەڕێز کاک محەممەد نەزیف قادری وەک جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی کەوتە بەرباس و لە ئاکامی دەنگ وەرگرتنێکی ئەندامانی ناوەندی سیاسی لەگەڵ ئەم پێشنیارە موافقەت کرا و کاک محەممەد نەزیف قادری بە تێکڕای دەنگی بەشدارانی کۆبوونەوەکە وەک جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی هەڵبژێردرا.

کۆبوونەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ بەرینترکردنەوەی کار و چالاکییەکانی حیزب لە هەموو شێوەکانی جۆراوجۆری خەباتدا چەند ڕاسپاردەیەکی دەسنیشان کردن کە لە ڕێگای دەستەی کارگێڕییەوە بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکان ڕادەگەیەندرێ.

بڕگەی کۆتایی کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسی دەربڕینی دووبارەی داخ و کەسەری بەشدارانی کۆبوونەوە بوو بۆ شەهیدبوونی ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە لە مووشەکبارانی ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە و ئەو تێکۆشەرە سیاسییانەی کە لەم ڕۆژەدا بەدەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێعدام کران و چاکبوونەوەی بەپەلەی بۆ زام هەڵگرتووەکانی ئەم ڕووداوە بە ئاوات خواست.

کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسی پاش تاوتوێکردن و بڕیاردانی ئەو باس و بابەتە ئاماژەپێکراوانە کە لە دەستووری کاری دانیشتنەکانیدا هاتبوون هەمان ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی سیاسی**

**١ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

**٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

# ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بڵاو کردەوە

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە و هیوای بەرەوپێشچوونی سەرکەوتووانەی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانی خواست.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیام بە بۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی (٨ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی)، هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان، بە چاوەدێریی کۆمەڵێک چاوەدێری نێودەوڵەتی بەڕێوە چوو.

پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بێجگە لە هێندێک کەموکورتی و سکاڵای حیزبەکان، لە سەریەک لەسەر بنەمای یاسای هەڵبژاردن و ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە ئەنجام گەیشت، بۆیە بەگشتی بە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک ئەژمێردرێ، کە ئەوە لە جێی خۆیدا بلووغی سیاسیی خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی باشوور دەسەلمێنێت.

بەو بۆنەوە لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە لە خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن دەکەین و هیواداریین کە پارلەمانی داهاتوو دەورێکی لێبڕاوانە لە پێناو پەرەپێدان بە دێموکراسی و بەرەوپێشچوونی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگێڕێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی سیاسی**

**١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

**٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی**

# نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر دوایین ئاڵوگۆڕی کوردستانی ڕۆژهەڵات و پرسە پێوەندیدارەکان کۆ بوونەوە و پێشنیاران دا کە ڕۆژی ٣ی خەرمانان وەک ڕۆژی ژینگەپارێزی کوردستان دیاری بکرێت.

نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی شەممە ٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٩ی مانگی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە سەرەتا بۆ ڕێزلێنان لە یادی گیانبازی سەرجەم شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بە چەند ساتێک بێدەنگی دەستی پێکرد، هەروەها بۆ ڕێزلێنان لە یادی هاوڕێی شەهید سۆهەیلا قادری ئەندامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەپکە گوڵێکی ڕێز و وەفاداری بۆ یادی خۆشەویستی دانرا.

دواتر "ساڵح شەریفی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر کار و چالاکی ئەم دەورەیە ڕاپۆرتێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد. پاش ڕاپۆرتەکە دەستوور کاری کۆبوونەوەکە خوێندرایەوە.

لە سەر چالاکییەکانی ئەم دەورەیەی ناوەندی هاوکاری هەر کام لە نوێنەرانی حیزبەکان وێڕای سپاس وماندوونەبوونی هەموو لایەنەکان لەم قۆناغە لە سەر هەر کام لە خاڵەکانی کۆبوونەوەکە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

بابەتێکی دیکەی کۆبوونەوەکە هەڵسەنگاندنی کردەوە قیزەون و دژە مرۆییەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بە تایبەت لە سێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسیی کورد و هەروەها هێرش بۆ سەر بنکەی سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەداخەوە کۆمەڵێك لە سەرکردایەتی، کادر و پێشمەرگەی ئەم دو حیزبە شەهید و بریندار بوون.

تەوەرەیەکی گرینگی کۆبوونەوەکە مانگرتنی سەرکەوتووانە و سەرتاسەرییەکەی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو کە لە لایەن ناوەندەوە وەك ڕۆژێکی مێژوویی و پڕ دەسکەوت لە خەباتی جەماوەری و سیاسی پێناسە دەکرێت و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لە ئاستی هەموو ناوچەکە و میدیاکان و سەلماندی بزووتنەوەی کورد زیندووە، ئامادەی هەر جۆرە شێوازێکە بۆخەباتی جەماوەری و پشتیوانی لە حیزبی لایەنە سیاسیەکان و هەروەها ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی لە زیندانەکان.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسی دەسبەسەرکردن و گرتنی ئەو کەسانە کرا کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە هۆی بەشدارییان لە خەباتێکی مەدەنی و جەماوەری لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا ڕەوانەی گرتوخانەکان کراون و لەژێر لێپرسینەوەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دان.

ناوەند داوای کرد ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ... هتد لە هەمبەر بە هاناچوون و پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی دەسبەسەرکراوی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانەوە بێدەنگ نەبن و بەرامبەر بە چارەنووسیان هەڵوێستی ئەرێنی بنوێنن و هەر وەها لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەخوازێ پشتیوانی ڕۆڵەکانیان بن و بەر هەر شێوازێک کە بۆیان دەکرێ بۆ ئازادی و ڕزگاریی بەندکراوەکانی مانگرتنەکەی کوردستان تێبکۆشن.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ژینگەپارێزی مەریوان بوو کە لە ٣ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە ژینگەکانی کوردستان لە ناوچەی مەریوان بۆ پاراستنی جوانیی و ژینگەی کوردستان گیانی ئازیزیان لە دەست دا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە یادی ئەم شەهیدانە پێشنیار دەکات کە ڕۆژی ٣ی خەرمانان وەک ڕۆژی ژینگەپارێزیی کوردستان دیاری بکرێت و وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕانە و ونیشتمانپەروەرانە ئەم ڕۆژە ڕێزی لێبگیردرێت.

نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی بە پەسەندکردنی چەند بڕیار لە سەر کار و ئەرکەکانی داهاتووی و بەردەوامی و چالاککردنەوەی هەرچی زیاتری ناوەند کە چەند کاتژمێری خایاند دوای لە کەش و هەوایەکی دۆستانە کۆتایی پێهات.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی**

**٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ زایینی**

# ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



سەبارەت بە نوێترین هێرشی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

لە درێژەی کردەوە دژی مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و پاش مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە، ڕۆژی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە، شاخی کۆدۆی بۆردوومان کرد کە وێڕای زیانێکی زۆر بە ژینگەی ناوچەکە، بەداخەوە، پێشمەرگەیەک بە سووکی بریندار بوو.

هەر هەمان ڕۆژ و لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەدا فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە ئاشکرای کرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ،لە کردەوە دژی مرۆییەکانی بەردەوامە و پاش ئەوەی شاخی کۆدۆی بە چڕی بوردمان کرد،کاتژمێر ١:٣٠ی پاشنیوەڕۆ زنجیرە چیاکانی سەقەر و بەربزێن کە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات تێدا هەڵکەوتووە،بوردمان کرد و هەتا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە جگە لە زەرەر گەیاندن بە ژینگەی ناوچەکە، بە خۆشیەوە هیچ زیانێکی بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان، بەدواوە نەبووە.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

**٨ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

# چالاکییە تەبلیغییەکان لە کوردستان بەردەوامن



خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی جۆراجۆری تەبلیغی بەڕێوە دەبەن.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و گوندەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراجۆر چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن و پشتیوانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار لە گوندی "خورینج و کێلەسیپان" بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێکردووەتەوە. هاوکات بەڵێنییان داوە کە هەتا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان و گەڵ دەست لە خەبات هەڵنەگرن.

لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پاوە "بەرامبەر پاسگای مەلاندەر، گوندی کومرەی پاوە ڕێگای پاوە ـ نەوسوود و چۆمی نەجار" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییانەدا بە نووسینی دروشمی وەک "ڕێبازی شەهیدان هەتا گەیشتن بە ئامانج درێژەی هەیە، ڕێبازی قاسملوو درێژەی هەیە، ڕاسان بەردەوامە، شەرەفکەندی نامرێ هەمیشە لەگەڵمانە و ڕاسان شکۆی ڕۆژهەڵاتە" پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

# دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات: لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پرەنسیپەکان بپارێزن



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاگادارییەکدا داوای لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد، لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سوشیاڵ میدیا، پرەنسیپەکان لەبەرچاو بگرن.

دەقی ئاگادارییەکە بەم شێوەیە:

بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هەر وەک پێشتریش ڕامانگەیاندووە، بە هەست بە بەرپرسیاریەتی و زەروورەتی پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب، پێویستە و ئەرکە لە سەر شانی تێکڕای ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سوشیاڵ میدیا؛ نەبنە لایەن لەو شەڕە قسە و بێڕێزیکردنەی کە خەڵکانی دیکە بە دوور لە هەر چەشنە پرەنسیپێک هێرش دەبەنە سەر لایەن و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی بە پرستیژ و جێگای متمانە و باوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەر چەشنە بێڕێزی، تۆمەت وەپاڵدان و هێرش بۆ سەر لایەنە سیاسییەکانی دیکە، لە دەرەوەی پرەنسیپی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی هەژمار دەکرێ.

هەر بۆیە ئەندامانی حیزب ئاگادار دەکەینەوە بەوپەڕی لێبوردەییەوە هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە بدەن و سیاسەت و هێڵە تەشکیلاتییەکان پێڕەو بکەن،بە پێچەوانەوە لێی بەرپرسیارن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**

**٢ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

**٢٤ی سێپتامبری ٢٠١٨ زایینی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نامەیەکی سەرئاوەڵایان بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

لە بەرەبەری حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەندی هاوکاریی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نامەیەکی سەرئاوەڵایان ڕوو لە سەرۆکی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاو کردەوە.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

نامەی سەرئاوەڵا بۆ سەرۆکی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سنوورێک بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ڕێژیمی ئێران دابنێن!

بەڕێز ماریا فێرناندێز، بەرپرسی حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو،

بە زوویی حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست پێدەکات و بەپێی بەرنامەیەک کە دانراوە، بریار وایە حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سێپتامبر لەم کۆبوونەوەیەدا قسە بکات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین لێرەدا کار بکرێت و مێکانیزمێکدیاری بکرێ بۆ ئەوەی بەر بە سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەم دەسەڵاتەوە لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران بگیرێت. چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت ئەم کۆبوونەوەیە، ڕووحانی و دەسەڵاتەکەی بەرامبەر بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ناوەوە و یاغیگەرییەکانی لە دەرەوەی وڵات، بە بەرپرس بزانێت.

ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا لەم دانیشتنەدا وتار دەدات کە ئەم ڕێژیمە سەرچاوەی قەیرانی جۆراوجۆر لە نیوخۆی وڵات و هۆکاری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە هەر دوو بواری ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک و، هەر لەو کاتەشەدا هۆکاری بشێوی و نائارامی لە ناوچەکە دایە.

ئێعدام وەک سزایەکی یاسایی لە ئێران بەردەوام جێبەجێ دەکرێت و ئێعدامی سیاسی و جیاوازیدانانی نەتەوەیی بەرامبەر نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلوچ و ئازەری و، هەروەها کوشتنی جیاوازبیران بە شێوەی سیستماتیک لەم وڵاتە خراپتر لە پێشوو بەڕێوە دەچێت. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێویستە مافی هەموو نەتەوەکان وەک یەک بپارێزرێت.

لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوەو دوای هەڵبژێرانی ڕووحانی بە سەرۆک کۆمار، شەپۆلی ئێعدامەکان ٥١ ٪ زیادی کردووە. هەروەها گوشاری گەورە لە سەر چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەپارێزی لە ئێران و کوردستان هەیە. هەر لە ئەساسدا ئەم دەسەڵاتە چ بە گوێرەی یاساکانی و هەروەها بەپێی دارشتە و پێکهاتەکەی، سروشتێکی دژ بە مافی مرۆڤی هەیە.

هەروەها سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بەپێی ئامارەکان، ٨٦ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون. لە ٦ مانگییەکەمی ساڵی ٢٠١٨یشدا ١٠٤ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لە دەست داوە. هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی سیستماتیک کە ئەو ڕێژیمە بەڕێوەی دەبا، تەنانەت خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگای کرماشانیشی گرتووەتەوە و بووە بە هۆی ئەوە دەسەڵاتداران و دامودەزگا حکوومەتیەکان، لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا، ئەو پەڕی کەمتەرخەمی لە پێڕاگەیشتنی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراودا لە خۆیان نیشان بدەن.

لە ماوەی پێنج ساڵ سەرۆک کۆماریی ڕووحانیدا خەڵکی ئیران بەرەوڕووی کێشەی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتەوە. دەسەڵات لێبڕاوە بەردەوام بێت لە سەر گوشار خستنەسەر شارۆمەندانی ئێران، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، یاساناسان و پارێزەران، مامۆستایان، کرێکاران، چالاکانی ژینگەپارێزی، ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسان و هەموو ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەیە ڕەوایی و مەشرووعیەتی ئەم دەسەڵاتە ببەنە ژێر پرسیارەوە. چالاکانی بواری ژنان بەردەوام لەژێر هێرش و گوشاری ئەم دەسەڵاتە دان و بە شێوەیەکی نایاسایی دەستگیر و زیندانی دەکرێن و لە ڕاستییدا جیاوازیی و هەڵاواردنێکی زۆری جنسییەتی بەپێی یاسا ئێسلامییەکان لە ئێراندا هەیە.

دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و یەک لەوان دەوڵەتی ڕۆحانی دەوری بەرچاویان گێڕاوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی خەڵکدا و، بە توندی ڕووبەڕووی هەر چەشنە جووڵە و نارەزایەتی دەربڕینێکی هێمنانەش دەبنەوە.

ڕۆژی ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ مانگرتنێکی بەرفراوان زۆربەی زۆری شارە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوە. ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە، نارەزایەتی دەربڕینێکی گشتی بوو بەرامبەر ئێعدامی سێ لاوی کورد و هەروەها مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان کە بە هۆیەوە ١٦ کەس گیانیان لە دەستدا و ٤٠ کەس بریندار بوون. دوا بە دوای مانگرتنەگشتییە،١٢ کەس لە چالاکانی مەدەنی و کەلتووری لە شارەکانی کوردستان دەستگیر کراون و هەتا ئێستا لە زیندانەکانی ڕێژیمدان و بێ سەروشوێنن. ئەمەش لە درێژەی کردەوەی تیرۆریستی و خراپکارانەی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرەوەی وڵات بە دژی هێزەکانی ئۆپوزیسیۆنی کورد و ئێرانی دایە.

مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە وەبیر بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی پێشێلکاری سەرەکیی مافی مرۆڤ لە ئیران و هۆکاری نائارامی وناسەقامگیری لە ناوچەکە دان. حەسەن ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە حاڵێکدا دەیهەوێت باس لە مافی مرۆڤ و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکە بکات کە دەسەڵاتەکەی خۆی گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤە و خەڵکی ئێران و کوردستان لە زیندانێکی گەورەدان کە لە لایەن ئەم حکوومەتەوە بۆیان دروست کراوە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ئامادەبوون و بەشداریی حەسەن ڕووحانی لە حەفتاوسێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و قسەکردنی بە ناوی خەڵکی ئێرانەوە، بە بێڕێزی بە پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران دەزانین و مەحکوومی دەکەین. ئێمە بە تەواوی لە سەر ئەو باوەڕەین کە کۆماری ئیسلامی پێشێلکاریبنەڕەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران و هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

چاوەڕوانی و داوای ئێمە لە بەڕێزتان و کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و گەلانی وەزالەهاتووی ئێران بن و سنوورێک بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە دابنێن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بریتین لە:

**ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**ـ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**ـ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

# دژی ڕێژیمی ئێران لە بەردەم نوێنەرایەتی UN خۆپیشاندان بەڕێوە




ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دژی ڕێژیمی ئێران لە بەردەم نوێنەرایەتی UN لە شاری هەولێر خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە شاری هەولێر لە بەردەم نوێنەرایەتی UN شوێنی خۆپیشاندانەکە ڕایگەیاند، ئەمرۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دژی هێرشە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆپیشاندانێکی بەرینیان لە بەردەم نوێنەرایەتی UN لە پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە برد.

لە خۆپێشاندانانەدا، سەرەکیترین داواکاریی خۆپێشاندەران پاراستنی ئەمنییەتی کەمپی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ئەو داواکارییە بە گوێ کۆمەڵگای جیهانی بگەیێنن.

ئەو خۆپێشاندانە هاوکات بوو لەگەڵ ٧٣هەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەو خۆپیشاندانەدا، خۆپێشاندەران بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی داواکارییەکانیان ڕوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوێندەوە.

دواتر خۆپیشاندەران لە بەردەم کۆنسولخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە شاری هەولێر، دژی جەنایەت و تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێران خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

لە بەردەم کۆنسولخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا "تەوار قادری" چالاکی مافی ژنان بە زمانی ئینگلیزی ڕوو لە وڵاتی ئامریکا پەیامێکی خوێندەوە و دواتر "شلێر مەحموودی" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی ڕوو وڵاتی ئامریکا پەیامێکی پێشکەش کرد.

پاشان "فاتمە عوسمانی" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد، ئامانجی ئێمە لەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە بە جیهان ڕابگەیێنین کەمپی پەنابەرانی کوردانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن؛ لەژێر هەڕەشە و مەترسی ڕێژیمی تێرۆریستیی تاران دایە و دەبێ کۆمەڵگای جیهانی لەبەرانبەر هەڕەشە و هێرشەکانی ڕێژیمی ئێراندا دژی کەمپەی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ نەبێت.

هاوکات "شلێر مەحموودی" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، مەبەست لەو خۆپیشاندانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێمە بە دنیا ڕابگەیێنین کە ڕێژیمی ئێران بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و شوێنی ئیدارییەکانی مووشەکباران کردووە کە بەو هۆیەوە چەندین کەس لەوانە ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی شەهید بوون.

لەو خۆپیشاندانەدا، "شنە درودگەر" ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد، ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە هەتا بە جیهان ڕابگەیێنین کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و ئەو ڕێژیمە هیچ ئوسوول و یاسایەک ناناسێت و دەست بۆ هەموو جەنایەتێک دەبات بۆیە کۆمەڵگای جیهانی دەبێ بەرەنگاری کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران بێت.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی لە نادیە موراد کرد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی، وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ لە لایەن "نادیە موراد" کچە کوردی ئیزەدی، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی، وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ لە لایەن "نادیە موراد" کچە کوردی ئیزەدی

کچێکی کوردی ئیزەدیی خەڵکی شەنگال و باڵوێزی ئاشتی نەتەوەیەکگرتووەکان "نادیە موراد" بە هاوبەشی لەگەڵ "دێنیس موکوێگ" پێکەوە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٨ی زایینییان بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٤ی زایینی ،چەکدارانی بیرتەسک و سەدەناوەڕاستیی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" ناسراو بە (داعش) پەلاماری شاری شەنگالیان دا و داگیریان کرد و لەو هێرشە دڕندانەیەدا، شکۆ و هەیبەتی مرۆڤانەی هەزاران مرۆڤی بێتاوان شکێندرا و بۆ جارێکی دیکە نەیارانی کوردستان و کورد هەوڵی داگیرکارییان لە کوردستان دا.

نادیە موراد پاش ئەوەی لە چاوی ٥ برا و دایک و باوکی بوونە قوربانی ئەو ستەمە گەورەیە،یەکێک بوو لەو هەزاران کچانەی کە لە لایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە بەدیل گیران و لە شارەکانی ژێر دەستی داعش بۆ مەرامە دژی ئینسانییەکان دەکران و دەفرۆشران، نادیە موراد دوای ماوەیەک توانی خۆی لە دەستی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە ڕزگار بکات، دوای ڕزگاربوونی توانی ببێتە دەنگی ئەو کچە بێتاوانانەی کە لەژێر دەستی داعشدا تووشی ئەشکەنجە و چەندین کاری قێزەونی دیکە بوونەتەوە.

نادیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام هاواری پڕ بە گەرووی مرۆڤتەوەری و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی بوو.

نادیە بەهۆی کارکردنی لەسەر پرۆژەیەک لەژێر ناوی " کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی جنسی، وەکوو چەکێکی شەڕ" توانی بە هاوبەشی لەگەڵ دێنیس موکوێگ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بەدەست بهێنێت.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، لە ئاست ئازارەکانی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، هەر جۆرە خەڵات و پێزانینێک بارتەقای خەمەکانمان نییە، بەڵام بیستنی لە لایەن ئەوانەی ڕەگەزپەرستانە شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، تەزوویەک بە لەشیاندا دێت کە بەقەد هەموو ئەو ئازارانەیە.

لە کاتێکدا "نادیە" خەڵاتی ئاشتی وەردەگرێت کە ژنانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بەتایبەتی، لەژێر هێژموونیی چەسانەوەی توندی بیری ویلایەتی فەقیهی ڕۆژانە ڕووبەری ستەم و بێڕێزی دەبنەوە و ئازایانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لە هەوڵی بەردەوام دان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، گەرمترین پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە نادیە موراد و کوردانی ئێزیدی و سەرجەم ئەو کەسانە دەکا کە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و ئازادی لە هیچ چەشنە زەحمەت و تێکۆشانێک درێغی ناکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٧ هەتاوی**

## درێژەی پەیف

بە دەریاوە بنێن! دوایەش لە ترسان، لە تاران هەوڵیان دا سەدان هەزار بەسیجی و بەکرێگیراو کۆ بکەنەوە کە نەک خەڵک بترسێنن بەڵکوو ترسی خۆیان لە رووخانی ڕێژیمەکەیان بشارنەوە.

ئێستا سەرانی ڕێژیم بە راشکاوانە دەڵێن کە شەڕ براوەتە نێو ماڵی وێرانی ڕێژیم، جا بە ناوی شەڕی ئابووری یان شەڕی میدیایی و رەوانی یان هەرچی دیکە ناوی دەبەن، خۆی دانپێدانانە کە شەڕیان بردۆتە نێو ماڵە وێرانەکەیان و خەڵکیان دەترساند کە با ئێران وەکوو سووریەی لێ نەیەت، بەڵام ئێستە دەڵێن وەکوو یەمەنمان لێ کردووە!

ئەوە رەوتی مێژوو و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەت و بەرەوڕووبوونەوەی هێزە، کە لە ناوچەیەکی هەستیاری وەکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خەڵکی فرەڕەنگ و فرە نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، دەرەتان بە هێزی سەرەڕۆ و ئاژاوەگێڕی وەکوو کۆماری ئیسلامی نادرێ کە فراوانخوازی بکا و هیچ دەسەڵاتێکی تاوانکار کە خەڵکی لە پشت نەبێ و لە نێوخۆدا دارزابێ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ، بە نمایشی نیزامی و دەستێوەردان لە دەوروبەر تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە و ئەو هەڵانەی دیکا ئێخەی دەگرنەوە.

شەللاق لێدان لە دەریا، ڕێژیمی ستەمکار لە شەپۆلەکانی دەریای ویست و داواکاریی خەڵک ناپارێزی و بە لافاوێک کۆشکی دارزاوی دەسەڵاتی تاران دادەڕووخێ و لە مێژودا ون دەبێ.

# ستراتیژی یەکیەتیی ئەورووپا لە بەرانبەر ئێران؟!



ئەلبورز ڕوویینتەن

دوای هاتنە سەرکاری ترامپ و بەجێگەیاندنی ئەو گفتەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دابووی بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە ناوی "برجام" مشتومڕێکی زۆر دروست بوو.
ئامریکا کە سیاسەتێکی جیاواز لە کاتی حوکمڕانی ئۆبامای گرتبووە بەر بووە جێگای ڕەخنەی نێوخۆی ئامریکا و وڵاتانی ئەورووپایی. ئەوەی دەتوانین ئێستا بە ڕوونی باسی لێوە بکەین ستراتیژی ئامریکا بەهاتنە دەر لە بەرجام خۆی لە گوشارهێنانی زۆر بۆ سەر ئێران تا جێبەجێکردنی مەرجەکانی کە لە لایەن مایک پۆمپێئۆ لە دوازدە مەرجدا ڕاپگەیاند خۆی دەبینێتەوە. هەر لەو ئاراستەیەدا ئامریکا قوناغی یەکەمی گەمارۆکانی خستە بواری جێبەجێ کردن و چاوەڕوان دەکرێت بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووهەم لە نۆوامبری داهاتوودا گوشارێکی زۆر بۆ ئێران بهێنێت. پێم وایە ئەو وتەی برایان هووک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران لە میانەی چاوپێکەوتنێک لە هەفتەی ڕابردوو لە نیۆیورکدا زۆر بە ڕوونی دەریدەخات کە نیازی ئەوان بەرانبەر بە ئێران چییە؛ هووک دەڵێ "هەر وەک لە مێژوودا هەیە ئێران دوای گوشاری زۆر ئامادە دەبێت بێت لە سەر مێز دابنیشێ". بە ئیمزا کردنی ستراتیژی نوێی ئامریکا بەرانبەر بە تیرۆر و پشتیوانانی تیرۆر بە مێحوەریەتی ئێران کە لە لایەن ترامپەوە جان بۆڵتۆن لە شیکردنەوەی ئەو ستراتیژییەدا باسی کرد ئەو گوشارانە بەردەوام دەبێت.
لە بەرانبەردا ئەوەیکە جێگای باسی ئێمەیە یەکیەتی ئەورووپا هەر لە سەرەتای هاتنە دەری ئامریکا لە ڕێککەوتنامەی "برجام" جیاواز بیر دەکاتەوە و پێی وایە ڕێککەوتنامەکە بە سودی هەموو لایەنێکە بەتایبەتی نیشان دەدات کە بواری دیپلۆماسی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەو جیاواز بیرکردنەوەیە لە گوتاری سەرۆکی وڵاتانی فەڕانسە و ئاڵمان و بریتانیا بە ڕوونی دیارە؛ تەنانەت لە دانیشتنی ٧٣ سەرۆکی وڵاتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاشکرا لە لایەن ماکرۆنەوە ڕاگەیەندرا. فێدریکا موگرینی لە ڕاپۆرتێکی لۆس‌ئانجلێس‌تایمز لە سەر پەیوەندی نێوان ئێران و ئەورووپادا دەڵێ:"ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ بەردەوامی ڕێککەوتنامەکە و هێشتنی ئێران لە نێو ڕێککەوتنامەکە چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیە وێڕای سودی بازرگانی بۆ خەڵکی ئێران، ویستەکانی ئێمە بە نیسبەت ئاسایشی ناوچەکەی خۆمان و جیهانیش دابین دەکات"
دوبارە بوونەوەی وتەی لەم شێوە لەلایەن دامودەزگای سیاسی و سیاسەتوانانی ئەورووپایی نیشان دەدات کە ئەورووپا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات تا لە ڕێگەی ڕێککەوتن و سیاسەتی هاوشێوەی "برجام" لە گەڵ ئێراندا بەردەوام بێت. تا چەند دەتوانێ لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بێت بە تایبەتی کە ئێران زۆر هیوای پێ بەستووە باسێکی دیکەیە و پێویستی بە شرۆڤەی زۆر هەیە بە تایبەتی دوای شەڕی بازرگانی و زیادکردنی باجەکانی بازرگانی نێوان ئامریکا و ئەورووپا. بەڵام ئەوەی کە وا لە ئەورووپا دەکات سیاسەتێکی لەو شێوە بگرێتە بەر زیاتر لە پەیوەندی ئابووری بۆ هەندێک بابەتی دیکە دەگەڕێتەوە کە دەتوانرێ لە نێو دێڕەکانی گوتاری ئەورووپییەکان دەربهێنرێت. چونکە ئەورووپا بە نرخی درزتێکەوتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکا ئامادەیە ئەو ستراتیژییە بەردەوام بکات و هەر وەک موگرێنی بەردەوام ئاماژەی بۆ دەکات لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ پاراستنی ڕێککەوتن و بەردەوامی پەیوەندییەکان.

بەڵام بۆچی؟

-سەرەتا ئەورووپا پێی وایە کە ئەگەر ئێران گۆشە گیر بکرێت ئێران زیاتر دەور دەبینێت لە نائارامی ناوچە و ناردنی تیرۆر بۆ ئەورووپا کە پێم وایە ئەو بابەتە هەڵەیە چونکە لە گەرمەی ڕێککەوتنی "برجام" و مانگی هەنگوینی پەیوەندییەکان دەستتێوەردانەکانی ئێران لە ناوچە و پشتیوانی تیرۆر نەتەنیا کەمتر نەبوو بەڵکوو زۆرتر بوو، تەنانەت ڕۆڵی لە سیاسەتداڕێژی بۆ وڵاتان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی زیاتری کرد.

- یەکیەتیی ئەورووپا ئێستاش پێی وایە سناریۆی دوو باڵی ڕێژیم ڕاستە و پێی وایە دەرفەتی زیاتردان بە باڵی ڕووحانی و ڕیفۆرمخوازەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ڕادیکاڵەکان ڕۆڵیان کەم بێت و بەو شێوەیە بەرەو ڕیفۆرم لە ئێراندا دەچن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ داهاتووی ناوچە باش بێت؛ کە ئەم بابەتەش بە دوور و نزیک ناتوانرێ ڕاست بێت چونکە لە کۆتاییدا ئێران سیستمێکە و هەر تاکێک و باڵێک لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی سیستەم کار دەکەن یان دەرفەت ئەوەندە کەمە کە ناتوانرێ گرەوی لە سەر بکرێت.

-ئەگەر بیانووی باشتربوونی بارودۆخی ئابووریی وڵات و سودگەیاندن بە خەڵکیش بێت هیچ ڕێککەوتنێک ناتوانێ وڵامی گرفتە ئابوورییەکانی ئێران بداتەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بە قازانجی خەڵک تەواو بێت، چونکە سیستمی ئابووریی کۆماری ئیسلامی داڕماوە و گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی سامانی وڵات بۆ کاروباری تیرۆریستی؛ تەنانەت بە گوتەی جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە سەردەمی ئۆباما ئەو بڕە پارەی کە ئازاد کرا دوای ڕێککەوتنەکە بۆ حیزبوڵا و گروپی دیکە بەکار هێنراوە کەواتە باشتربوونی ئابووریی داڕماوی ئێران پێویستی بە گۆڕینی بنەڕەتی سیستەم هەیە تا دەرفەتی ئاوا کە یەکیەتی ئەورووپا پێی دەدات.

- بارودۆخی مافی مرۆڤیش کە کەمتر جێگای سەرنجی ئەورووپاییەکانە پێویست بە باس ناکات کە لە سەردەمی ڕوحانی و دوای ڕێککەوتنی "برجام" خراپتر بووە.

- تەنیا لە یەک بابەتدا ئەویش زیاد کردنی هێژمونی ئەورووپا بە بەراورد لە گەڵ ئامریکا لە ناوچەیەکی وا گرنگ لە ڕووی ژئۆپۆلیتیکیەوە بە پەیوەندی ئێران و ئەورووپا دێتە دی کە تا چەند قوربانی بۆ دەدرێت لە لایەن ئەورووپییەکانەوە جێگای باسە.

کەواتە شرۆڤەی سیاسەتی ئەورووپا و خوێندنەوەی ستراتیژی ئەورووپا لە بەرانبەر ئێران کە لەسەر ئەو بنەمایانە ڕاوەستاوە، دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین شیکارییەکی دروستتر بۆ ناوچە بکەین بە تایبەتی کە وەک هێزی ڕاسان خاوەن ڕۆڵ و پێگەین لە ناوچەدا. ڕاستییەکان وەک هەیە ببینین نەک وەک ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ کە نیشان دەدات ئەورووپییەکان زۆر جیاواز بیر دەکەنەوە کە لەو بیرکردنەوەدا چەند ڕاستن و خزمەتی ئارامی ناوچە و خەڵکی ئێران دەکەن جێگای گومانە.

# هێز، گفتوگۆ و خۆیاری

د. محەممەد حسەین‌زادە

هێز لە سیاسەتدا ڕۆڵیی سەرەکی و بەرچاو دەگێڕێت. هێز (Power) بە زمانێکی سادە یانی کاریگەریدانان لەسەر بڕیارەکانی لایەنی بەرانبەر. لە ڕووی زانستییەوە پێناسەیەکی سیاست بریتییە لە خوێندنەوەی هەمەلایەنەی هێز و چۆنیەتی پێکهاتنی هێز و بەشداربوون لەو هێزەدا. سیاسەت هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ وەدەستهێنانی هێز و کەڵکوەرگرتن لەو هێزە، هەر بۆیە زۆربەی بیرمەندان و زانایانی سیاسی لە سەر ئەو باوەڕەن کە زانستی سیاسی یانی خوێندنەوە و لێکدانەوەی چۆنیەتی وەدستهێنان، پاراستن و زیادکردنی ئاستی هێز. هەروەها ناسین و ناساندنی خودی هێز یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زانستی سیاسییە. پێگە و گرنگی هێز لە سیاسەتدا لە ئاستێکدایە کە "هارۆڵد لاسکی" گەورە بیرمەندی سیاسی دەڵێت زانستی سیاسی بریتییە لە زانین و تێگەیشتن لەوەیکە "کێ دەیبات؟ چی دەبات؟ چۆن دەیبات؟ و بۆچی دەیبات؟". ئەو پێناسەیە ئەمڕۆکە هەم لە ناو خوێندکارانی زانستی سیاسی و هەم لە ناو کۆمەڵگەدا وەک مەتەڵۆکێکی لێ هاتووە. لە تیۆری و بیرۆکەی پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا هێز، هەمان گرنگایەتی هەیە و تەواوی کارناسان و بیرمەندانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو خاڵە هاودەنگن کە هیچ ئەکتەر یان دەوڵەتێک بە بێ بوونی هێز ناتوانێت ئاسایش و ئەمنیەتی خۆی بپارێزێت و مانەوەی (Survival) دەکەوێتە مەترسییەوە. جێگە و پێگەی ئەکتەرەکانیش بە پێی هێزی بەردەستیان دیاری دەکرێت و چەندە هێزیان هەبێت ئەوەندە دەتوانن بەرژەوەندی خۆیان دابین کەن و بیپارێزن. کەوابوو خوێندنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیش بە بێ خوێندنەوەی هێز و ئاستی هێزی دەوڵەتەکان مانای نییە.

جیا لە تیۆری لە گۆڕەپانی کردەوەییشدا سیاسەت هەوڵدانێکە بۆ وەدەستهێنان، پاراستن و بەرفراوانکردن و کەڵکوەرگرتن لە هێز بەمەبەستی کاریگەریدانان لەسەر لایەن یان لایەنەکانی بەرانبەر. لە بنەڕەتدا کردەوەی سیاسی کردەوەیەکە لەسەر بنەمای هێز. بە بێ هێز سیاسەت و سیاسەتکردن هیچ مانیەکی نییە. تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیش کۆکردنەوەی هێز و کەڵکوەرگرتن لەو هێزەیە لە کاتی پێویست و گونجاودا. هێز لە هەموو بوارێکدا کارکرد و سوودمەندیی هەیە. ئەکتەرە سیاسییەکان هەم لە پێکهێنانی پەیوەندی ئاسایی و دۆستانە (پەیوەندی ئابووری، سیاسی، کەلتووری و ...) و هەم لە کاتی ناکۆکی و شەڕدا لە هێزی بەردەستی خۆیان بۆ کارتێکەری و کاریگەریدانان لەسەر لایەنی بەرانبەر کەڵک وەردەگرن. تەنانەت لەو پرۆسە و ڕەوتانەی وتوویژ و گفتوگۆی (Negotiation) نێوان لایەنەکانیشدا بە تایبەت لایەنە ناکۆک و دوژمنەکاندا، هێز ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت. هەڵبەت کاتێک کە باسی گفتوگۆ (یان موزاکرە) بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێت زیاتر پرۆسەیەکی دۆستانە دێتە بەرچاو کە لەو پرۆسەیەدا دوو یان چەند لایەن هەوڵ دەدەن کێشە و گرفتەکانی نێوانیان بخەنە سەر مێزی گفتوگۆ و لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەرییەکی ئاشتییانەی بۆ بدۆزنەوە. هەر بۆیە لێرەدا ڕۆڵی هێز زۆر بەرچاو ناکەوێت و ئاشکرا نییە بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە لە نەبوونی هێزدا تەنانەت دەستپێکردنی گفتوگۆ و دانوستان لە نێو لایەنەکاندا ئەگەر ناکردنی نەبێت زۆر دژوار و ئەستەمە. گفتوگۆ و وتووێژ لە نێوان دوو لایەنی ناکۆک و دوژمندا کاتێک مانای هەیە کە ئەو لایەنانە لە شێوازەکانیتری ڕووبەڕووبوونەوەدا کێشەکانیان چارەسەر نەبووبێت و گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە گفتوگۆ بە تەنیا ڕێگای چارەسەر بزانن. ئەمەش تەنیا کاتێک دەبێت کە هەر دوو لایەن ئەوەندە هێزیان بەدەستەوە بێت کە بتوانن گوڕەشە و هەڕەشە لەسەر لایەنی بەرانبەر دروست بکەن. هەر بۆیە زۆربەی گفتوگۆ و دانوستانەکان لە نێوان لایەنە خاوەن هێزەکاندا پێک دێت و زۆر بە دەگمەن دەبینین لایەنێکی بەهێز لەگەڵ لایەنێکی بێهێزدا لە سەر کێشەکانی نێوانیان دانوستان بکات.

هەر لایەنێک بڕیاری گفتوگۆ بدات و ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای گفتوگۆ و دانوستانەوە نیشان بدات پێویستە لە پێشدا توانا و هێزی خۆی بنوێنێت و بە لایەنی بەرانبەری بسەلمێنێت. ئاشکرایە کە ئەرکی گفتوگۆ دروست کردنی جۆرێک پەیوەندی دوو لایەنەیە بە مەبەستی دابینکردنی زیاترین بەرژەوەندی بۆ هەر دوولایەنە بەڵام ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان خاوەن ئەوەندە هێزی بەرچاو نەبێت کە بتوانێت لایەنی بەرانبەر بکێشێتە سەر مێزی گفتوگۆ، نە دەسپێکردنی ئەو پرۆسەیە مومکینە و نە دابینکردنی بەرژەوەندی. لێرەدایە کە ڕۆڵی هێز لە گفتوگۆدا ئاشکرا دەبێت و ئەوەیش زۆر سەرسووڕێنەر نییە. هەروا کە لە دنیای واقێعدا گورگ لەگەڵ مەڕ و شێر لەگەڵ خەزاڵ گفتوگۆ ناکات لە دنیای سیاسەتیشدا بەهێز لەگەڵ بێهیز گفتوگۆ ناکات.

بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی دوژمن یان بەرانبەردا کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی تۆدا ناجووڵێتەوە دەبێت یان توانای دڵگەرم کردن و تەشویق کردن و ڕازی کردنت هەبێت یان توانای ترساندن و تۆقاندنی. هەڵبەت توانای ترساندن بەو مانایە نییە کە بە ئەندازەی لایەنی بەرانبەرهێزت هەبێت یان لە ڕووی هێزەوە هاوسەنگ بن. هاوسەنگی هێز پێشمەرجی دانوستان و گفتوگۆ نییە. توانای ترساندن بەو مانایە دێت کە تۆ بە کردەوە هەڕەشەیەک بیت لەسەر لایەنی بەرانبەر و بیسەلمێنیت کە ئەگەر ناکۆکییەکان بە شێوازی گفتوگۆ چارەسەر نەکات ئەوا توانای بەرەنگاربوونەوە و دروست کردنی هەڕەشە بۆ سەر بایەخ و بەرژەوەندییەکانیت هەیە. لە هەموو دنیادا ئەو لایەنانەی کە لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانیان گفتوگۆ و دانوستان دەکەن بایەخ و ڕۆڵی هێز لەبەرچاو دەگرن و ئەوە وەک بنەمایەکی گشتییە هەر بۆیە لە کوردستانیشدا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی ئەو ڕاستییە ناگۆڕدرێت. بە واتایەکیتر هەر لایەنێک کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەوڵ بدات کە لە ڕێگای وتوویژ و گفتوگۆوە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارەسەر بکات دەبێت پێش هەموو شتێک خۆی بەهێز بکات و بتوانێت خۆی وەک لایەنێکی لێهاتووی گفتوگۆ بناسێنێت و بە تایبەت توانای هەڕەشە کردن و ترساندنی هەبێت. دەبێت ئەوەندە توانستت هەبێت کە دەوڵەتی ناوەندی لە ئەگەری پشتگوێ خستنی خواست و داواکاریەکانتدا دڵنیگەرانی بەرپەرچ و کاردانەوەت بێت. تەنیا لەو کاتەدا گفتوگۆ سوودی دەبێت و لایەنی بەرانبەر ئامادەی بیستنی قسە و داواکاریت دەبێت.

ناسینی هێزی خۆ و لایەنی بەرانبەر فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دەسپێکردن و سەرکەوتن لە پرۆسەی گفتوگۆدا. ناکرێت و بێ مانایشە لە پێگەیەکی لاواز و بێهێزەوە چاوەڕوانی ئەوە بیت لایەنی بەهێز لەگەڵتدا دانوستان و گفتوگۆ بکات. گفتوگۆ لە حاڵەتی بێهێزی و لاوازیدا پێش هەموو شتێک هێرشێکە بۆسەر خۆت لەبەر ئەوەی کە لە دۆخیی بێهێزیدا تەنانەت ئەگەر دەرفەتی گفتوگۆیشت بۆ بڕەخسێنن دەسکەوتێکت نابێت. کەوابوو دەبێت پێش ئەوەی پێشنیاری گفتوگۆ بدەیت توانا و هێزی خۆت هەڵسەنگێنیت. با واز لە گفتوگۆی سیاسی بێنین، ئەمڕۆکە تەنانەت لە ژیانی تاکەکەسیشدا بە دەگمەن دەبینرێت کە پیاوێک کە توانای مارەیی دان و زەماوەندی نەبێت خۆی بخاتە پرۆسەی گفتوگۆی پڕ لە دەردیسەر و گرفتی خوازمەنییەوە. سیاسەت جێگای خۆی هەیە.

بۆ وتوویژ و گفتوگۆ پێش هەموو شتێک لایەنی بەرانبەر دەبێت ڕێزت بگرێت. بۆ ئەوەی ڕێزت بگرێت دەبێت بە فەرمی بتناسێت. بۆ ئەوەی ناچاری کەیت بە فەرمی بتناسێت دەبێت هێزی بەرچاوت هەبێت. هەر ئەکتەرێکی سیاسی کە خاوەن هێزی کاریگەر و بەرچاو نەبێت نە بە فەرمی دەناسرێت، نە ڕێزی لێدەگیرێت و نە گفتوگۆی ڕاستەقینەی لەگەڵدا دەکرێت. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لایەنی دوژمن تەنیا ڕێزی هێز دەگرێت نەک ڕێزی قسە و ڕووی خۆش. ئەگەر ڕێزت لێ نەگیراو و داوای گفتوگۆت کرد تەنیا خۆت و نەتەوەکەت بێڕێزتر و چکۆلەتر کردووەتەوە. کەوابوو بۆ گەورەکردنەوەی خۆت بەمەبەستی گفتوگۆ و گەیشتن بە ئامانجەکان لە ڕێگای گفتوگۆوە دەبێت لە پێشدا خۆت بەهێز بکەیت.

بەڵام خۆبەهێزکردن چۆن دەبێت؟ خۆبەهیزکردن هەوەڵ بۆ پاراستی ژین و مانەوەی خۆ و دواجار بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی بەرانبەردا ڕێگا و شێوازی زۆر و جیاوازی هەیە. خۆبەهێزکردن دەکرێت بە یارمەتی وڵاتان و لایەنە دەرەکییەکان بێت کە لە سیاسەتدا پێی دەوترێت هاوسەنگی دەرەکی هێز (external balancing) یان خۆبەهێزکردنێکی ناوکی بێت کە پێی دەوترێت هاوسەنگی ناوکی (Internal balancing) یان تێکەڵاوێک لەو دوو ڕەوتە بێت بەڵام لەو دۆخە جیهانی و ناوچەییەی کە ئێستا حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تێیدا دەژین، باشترین ڕێگای خۆبەهێزکردن هەوڵدان بۆ هاوسەنگی ناوکی هێز لە ڕێگای کەڵک وەرگرتنە لە هەموو سەرچاوە و دەرفەتە نێوخۆییەکان کە دەکرێت ناوی بنێین سیاسەتی خۆیاری. خۆیاری (Self-helping) گرنگترین و سەرەکیترین ستراتێجی یان سیاسەتە بۆ زیاد کردن و بەرفراوانکردنی هێز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و دابینکردنی بەرژەوەندی نەتەوەییە.

سیاسەتی خۆیاری لە نیو حیزبە کوردییەکاندا لە ڕێگای خۆنزیک کردنەوە لە یەکتری و لە کۆمەڵگە و کۆمەڵانی خەڵک و هاوکات پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگەوە لە کردەوەدا خۆی نیشان دەدات و دەبێتە سیاسەتی کردەوەیی. ئەم جۆرە خۆیارییە یانی ئەوەیکە چاوەڕوانی خەڵک و دەوڵەتان و لایەنی دەرەکی بۆ پاراستن و هەروەها بۆ بەهێزکردنت نەبیت. لە حەقیقەتیشدا هیچ لایەنێک بۆ بەهێزکردنی تۆ تێناکۆشێت و کار ناکات و بەرژەوەندیت لەبەرچاو ناگرێت مەگەر ئەوەیکە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تۆ بەرژەوەندییەکی زیاتری بۆ خۆی هەبێت. شیاوی ئاماژەیە کە "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" نموونە و نموودێکە لە سیاسەتی خۆیاری.

ڕاسان لە بەر ئەوەیکە ڕووی لە سەرچاوە و توانای ناوکی و ناوخۆییە و پشتی بە هێزی پێشمەرگەی شاخ و کۆمەڵگە و کۆمەڵانی خەڵکی شار بەستووە لە ئەگەری بەربڵاوکردن و بەردەوامبوونیدا دەتوانێت لە داهاتوودا خوڵقێنەری هێزێکی لەبار و قورس و قایمتر بێت کە دەتوانێت پێگەی دوژمن لاواز بکات و لە ئاکامدا بیهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ؛ بە واتایەکیتر ڕاسانێکی بەهێزتر و بەربڵاوتری شار و شاخ لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیاریدا دەتوانێت ببێتە ئەو هێزەی کە لەلایەکەوە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ژی و مانەوەی خۆیان دڵ و هۆمێدی پێ ببەستن و لە لایەکیترەوە دوژمن بەچۆکدا بێنێت و ناچار بە گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات. هەر ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆچی دوژمن بە هەموو هێزی خۆیەوە هەوڵی وشکاندنی شار لە ڕێگەی سەرکوت و سێدارە و تێکشکاندنی پێشمەرگەی شاخ لە ڕێگای تۆپباران و مووشەکبارانەوە دەدات. ئەوان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە سیاسەتێک لە چەشنی ڕاسان قەبووڵ ناکەن و ڕووداوە مێژووییەکانیش سەلماندوویانە کە دوژمن لە خاڵی بەهێز دەترسێت بۆیە هەوڵ دەدات ئەو خاڵە بپێکێت.

# کۆڵبەری بە چەندی؟!



جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

فەلسەفەی ژیان چییە؟ بۆ دێی و بۆ کوێ دەڕۆی؟ ژیان چۆن و بۆچی دەبێ بژیت؟ لە پێناو چیدا و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە چوارچێوەی فەلسفەی ژیاندا پێناسە دەکرێت و مەبەستی ئێمەش پێناسەی ئەو فەلسەفەیە نییە. بەڵام بوونی ژیانێکی خۆش و بوونی ئەمنییەت لە ژیاندا پێویستە. ئەمنییەتێک کە مرۆڤ لە چوارچێوەی تاک، بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی ژیانی ماددی و مەعنەوی هەستی پێ بکات هەتا بتوانێت بە دڵنیایی درێژە بە ژیانی خۆی بدات. هەموو هەوڵی مرۆڤیش لەپێناو ئەوەیە باش بژیت و هەست بەوە بکات کە قازانجی بۆ کۆمەڵگای خۆی هەیە؛ بەڵام، لە کۆمەڵگایەکدا کە نرخی نان بە واتایەکی دیکە خۆراک کە هەر گیانلەبەرێک بۆ زیندوومانەوە پێویستی پێی هەیە لە دەستی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا نەبێت ڕێگای ئەو خەڵکە بەرەو کوێ دەچێت؟ بیری خەڵک چی بەسەر دێت؟ ژیان چ هەنگاوێک دەپێوێت و دەیان پرسیاری دیکەی لەو بابەتە؟

وتەیەک هەیە دەڵێت: "من کان لا معاش لە، لا معاد لە"؛ جموجۆڵی ڕۆژانەی خەڵک لە دەستفرۆشێکەوە هەتا بازرگانێکی گەورە بۆ ئەوەیە بژیوی ژیان پەیدا بکەن. ناکرێت مرۆڤ بێ بوونی ماددیات درێژە بە ژیان بدات، تەنانەت سواڵکەرێکیش لە سەر شەقام کە سواڵ دەکات بە دوای دەرهێنانی بژیوی ژیانە و ئەویش لە ڕێگای ماددیات؛ ئەگەر دەڵێن مرۆڤ بێ بوونی مەعنەویات بە پووچی "نێهێلیزم" دەگات، دەبێ دان بەوەش دابێنین کە ماددیات زۆر بەهێزتر لەوەیە کە مرۆڤ بە پووچی بگەینێت.

لەو وتەیەدا ڕاست و بێ پەردە باس لەوە کراوە کە نەبوونی ماددیات بە هەڕەشەیەک دەزانێت کە ژیان و بیری مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە، واتە دەڵێت: "هەر کەسێک مەعاشی نەبێت مەعادیشی نییە". جا با باس لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران و بە تایبەتی کوردستان بکەین: ژیانی ڕۆژانە و داهاتی ژیان بۆ بژیو لە ئێستای جوغرافیای ئێراندا بووەتە ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێن: "نانی لە زاری ماری دەردێنێت". ئێستای ئەو کۆمەڵگایە بە ئاقارێکدا دەڕوات کە ئێمە ڕۆژانە لە گۆشە و کەناری ئەو جوغرافیایەدا دەبینن خەڵکانێک لە منداڵ، مێرمنداڵ، لاو، پیاو و ژن بە هۆی نەبوونی ماددیات و سەرچاوەیەک بۆ داهاتی ژیانیان تووشی چ بەڵا و گرفتێک دەبن و زۆر جاریش بەهای نان لە بەهای ژیان زیاتر دەبێت، هەر ئەوەیکە ڕۆژانە کەسانێک وەکوو کۆڵبەر و کاسبکار بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان شەڕی مەرگ دەکەن.

کۆڵبەری یەکێک لەو کارانەیە کە کەسی بکەر لە چوارچێوەی کرێکارێکدا کە ئەویش تەنانەت وەک کرێکاریش پێناسەی بۆ ناکرێت نەک تەنیا هیچ مافێکی یاسایی و ئاسانکارییەکی دەوڵەتی نییە، بەڵکوو ئەنجامدەرانی ئەم کارە وەک تاوانبار پێناسە دەکرێن. تاوانێک کە پاسەوانانی ڕێژیمی ئێران لە سەر سنوورەکان دەستیان ئاوەڵە کراوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کۆڵبەرەکان بدەنە بەر دەسڕێژی گوللە.

ئەمەش لە دۆخێکدایە کە ئەم بەشە لەو خەڵکەی کە لە دەوروبەری سنوورەکان نیشتەجێن بەهرەمەند نین لە کاری شایستە و لە هەمان کاتیشدا هیچ جۆرێک لە بیمەی بێکاری نایانگرێتەوە، ململانێی ئەوان لەگەڵ مەرگدایە لەپێناوی مانەوە. ئەگەر بەخت یاوەریان بێت و لە پەلامار و دەسڕێژی پاسەوانانی سنور ڕزگاریان بێت، لەولاترەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ڕێگا مینڕێژکراوەکان، سەرما، کڕێوە و هەرەسی بەفر و فشاری قورسی کۆڵەکانیان دەبنەوە.

کۆڵبەری لە کوردستاندا سەرچاوەی لە چییەوە گرتووە؟ نەبوونی کارخانە و کارگەکانی بەرهەمهێنان، ناوەندگەرایی ئابووریی، بەرنامەی سیستماتیکی ڕێژیم بۆ هەژارکردنی خەڵک و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی، نەبوونی ناوچەی ئازادی بازرگانی لە سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بووەتەوە هۆی ئەوەیکە دیاردەیەکی ناحەزی کرێکاری لەژێر ناوی "کۆڵبەر"ی دروست بێت، کە ڕۆژانە گیانی خەڵک بستێنێت.

کرێکار پێناسە، ئەرک و مافی خۆی هەیە لەبەر ئەوەیکە کرێکار پێش هەموو شتێک وەک مرۆڤێک کە خاوەنی کەرامەت و کەسایەتییە ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام کۆڵبەری لە هیچ چوارچێوەیەکی مافدا جێگای نابێتەوە و بێبەش دەکرێ لە هەر چەشنە ڕێز و کەرامەتێک کە مرۆڤ دەبێت خاوەنی بێت.

مانای ژیان لە کەسێکی کۆڵبەر ئاوا پێناسە کراوە؛ نەبوونی دەرەتانی کار، دەستەنگی، هەژاری، دەسکورتی و حوکمی ئیجبار بە کارێک کە خۆی قەبووڵی نییە و دۆخی ئابووری و فەزای سیاسی و ئابووریی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەریدا سەپاندووە. لە ژیانی کەسێکی کۆڵبەردا نان بۆ داهاتوو نییە، ژیان ڕووناکیی بۆ داهاتوو نییە، زەمانەتی ژیان دیار نییە. هەموو هەوڵی کەسێکی کۆڵبەر بۆ پەیداکردنی بژیوی ڕۆژانەیە کە لێی بێبەش کراوە.

کۆڵبەری ئەگەرچی بە هەر شێوەیەک نابێ ڕێگەپێدراو بێت بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستاندا دەیانهەوێ ئەو کارە وەک "اشتغالزایی" لە کوردستان پێناسە بکەن کە ئێمە بەو ڕێژەیە هەلی کارمان دابین کردووە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لەژێر ناو و گەڵاڵەی جۆراجۆر و وادە و بەڵێنییە بێ بنەماکانی خۆیان هەر جارێک دەیانهەوێت پیشەی ناحەزی کۆڵبەری بکەنە پیشەیەکی فەرمی.

یەکێک لەو گەڵاڵانەی کە ڕێژیمی ئێران جاروبار باسی لێوە دەکات کرانەوەی سنوورەکان لە کوردستان و دروستکردنی ناوچەی ئازادیی بازرگانییە کە لە ڕاستیدا نە دەیانهەوێت کارێکی وا بکەن نە مەبەستیشیان ئەو کارەیە؛ چونکە بوونی ناوچەی ئازادیی بازرگانی لە کوردستان کە چەندین خاڵی سنووریی هەیە، زەربەیەکی قورسە لە سەر پەیکەرەی ناوەندی دەسەڵات چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابووری.

ئەگەرچی مەبەستی ڕێژیم ئەوە نییە ناوچەی ئازادی بازرگانی لە کوردستان بکاتەوە، بەڵام بانگەشەکەی بۆ ئەوەیە سفرەی مۆرەکانی خۆی ڕەنگین بکات و خۆراکێکی فکریش بە ئیسلاح تەڵەبەکان بدات. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە بە کەڵکوەرگرتن لە هاتوچۆی کۆڵبەران ڕێگە بە خۆی بدات و پاساو بێنێتەوە کە سنوورەکان نائەمنن و ئێمە بۆ پاراستنی سنوورەکانمان تەقە لە کەسانێک دەکەین کە لە سنوورەکاندا هاتوچۆ دەکەن. هاوکات باس لەوە دەکەن کە ئێمە بە هۆکاری ئەمنییەتی ناتوانین ناوچەی ئازادی بازرگانی بکەینەوە.

هەموو ئێمە لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ زۆر بابەت و پرس، وشەی "ئازاد" و "یاسایی"مان بیستووە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا وشەی ئازادمان بۆ بازرگانی و کۆمەڵگا گوێ لێ بووە. بەڵام باس لە ناوچەی ئازادیی بازرگانی (منطقە آزاد تجاری) ئەویش بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە باسێکی دیکەیە.

لە پێناسەی نێودەوڵەتیدا ئاوا هاتووە کە؛ بە ناوچەیەکی سنووردارکراو و پارێزراوی کەنارئاوی (بندر) و غەیرە کەنارئاوی (غیربندری) دەگوترێت کە هەندێک یاسا و ڕێسای جێبەجێکراوی وڵاتی بیانی لەخۆ دەگرێت کە بە بەهرەمەندی لە هەندێک قازانج، وەک وەرنەگرتنی ماڵیات، وەرنەگرتنی قازانج و پارەی گومرک، نەبوونی بوروکراسی ئیداری بۆ وەرگرتنی پارە و هەروەها نەبوونی یاسا و ڕێسای دەستوپێ گیر و ئاسانکاری بۆ بازرگانی و سەرمایەگوزاریی بیانی و هەنارده و هاوردەکردنی شتومەک بۆ گەشەپێدانی وڵاتێک.

ناوچەی تایبەتی ئابووری و ئازادیی بازرگانی جیاوازییان هەیە و مێژووەکەی لە جیهاندا بۆ یونان و لە ئاسیادا بۆ وڵاتی هێند و لە ئێرانیشدا بۆ ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە بەپێی یاسایەک بە ناوەرۆکی یاسای بەخشینی ماف و باجە گۆمرۆکییەکانی شتومەکێک کە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن، بەکارهێنان و فرۆشتن هاوردەی هەندێ لە دورگەکانی کەنداو دەکرێن (قانون معافیت از حقوق و عوارض گمرکی کالاهایی که به منظور استفاده، مصرف و فروش وارد بعضی از جزایر خلیج می‌شوند) پەسند کرا. بەپێی ئەو یاسایە لە ساڵانی ١٣٥٩، ١٣٦٨ و ٦٩ چەند ناوچەی ئازادی بازرگانی لە ئێراندا دروست کران.

بەپێی ئەو دوو پێناسەی سەرەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندین خاڵ و پۆتانسییەلێکی باشی هەیە کە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەو بڕیارانە جێبەجێ ناکرێت چونکە کوردستان بە هۆی دراوسێیەتی لەگەڵ دوو وڵاتی تورکیە و عێراق، تاران و دەسەڵاتەکەی لاواز دەکات.

لە کوردستاندا پێش هەموو شتێک سیاسەتی هەڵاواردن و ڕوانگەی ئەمنییەتیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، نە تەنیا کار و پیشە بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەوا نابینن، ئاساییە کە دژایەتیشی بکەن و سنوورەکانی کوردستانیش بە هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ سەر خۆیان لە قەڵەم بدەن، بەڵام ئەوە تەنیا بەهانەیە بۆ لاوازکردن و چاولەدەست کردنی خەڵکی کوردستان و بەچۆکدا هێنانیان.

ئێستا کۆڵبەری، تەقەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و کوژرانی ئەو توێژە کاسبکارە لە سەر سنوورەکان بووەتە سریاڵێکی زنجیرەیی کە ئێمە دەیبینین و ناوەند و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤیش تەنیا جاروبار باسێکی لێوە دەکەن کە دەبێت کۆتایی بە کوژرانی کۆڵبەران بهێنرێت. لەژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانیش باسکردن لە کێشە و گرفتی کۆڵبەران تەنیا باسێکی ڕۆتینی ڕۆژانەیە کە لە میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوەکان باسی لێوە دەکرێت و هیچ بایەخێکی نییە هەتا هەنگاوێک بۆ کۆتایی بە کۆڵبەری بێنن؛ چونکە ژیانی کەسێکی کۆڵبەر و گیانی ئەو کۆڵبەرە لە فەلسەفەی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە نرخی نییە.

لە هەمووی ئەو ماوەیەدا، بە تایبەتی ئەو چەند ساڵەی دواییدا کە کوژرانی کۆڵبەران و ژیانی ئەوان ڕۆژانە ویژدانە زیندووەکان دەهەژێنێت، کاربەدەستانی ڕێژیمیش باسێک لەوە دەکەن کە کۆڵبەران "ساماندهی" دەکەن. قسەیەک کە هیچ بنەمایەکی لە بواری بەرنامەڕێژێیەوە نییە چونکە کۆڵبەری لە بنەڕەتدا شوغڵێک نییە کە داهاتووی هەبێت. لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی کۆڵبەران لەژێر دەستی کەسانی سەر بە ڕێژیم شکڵێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتووە و ئەو کەسانەی سەر بە ڕێژیم لە کاتی هەڵبژاردنە جۆراجۆرەکانی ڕێژیمدا وادەی ئەوە دەدەن یەکەمین کاریان ئەوەیە کێشەی کۆڵبەران چارەسەر دەکەن و کۆتایی بە کوژرانیان دێنن. وادەیەک کە بەردەوام جینایەتە یەکەمینەکانی هێزە نیزامییەکان لە سەر سنوورەکان ڕۆژانە دەخولقێنێت.

# ڕۆژە چارەنووسسازەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەن




**شەماڵ تەرغیبی**

ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ئەمساڵ دەوڵەتی ئامریکا پاش کشانەوەی تاکلایەنە لە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە بەرجام، خولی یەکەمی تەحریمە هەڵپەسێردراوەکانی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەست پێکردەوە؛ دوابەدوای گەڕانەوەی تەحریمەکان، ئابووریی ئێران و بازاڕەکانی ئەم وڵاتە دژکردەوەیان پیشان دا و دەریانخست کە بەپێچەوانەی ئیددعاکانی سەرانی ڕێژیم ئابوورییەکەی هێندە خۆڕاگر نییە کە لەبەرامبەر تەوژمەکاندا خۆی ڕابگرێت.

بەشێکی بەرچاو لە کۆمپانیا بیانییەکان ئێرانیان بەجێهێشت و وێڕای هەڵوەشاندنەوە یان هەڵپەساردنی ڕێککەوتننامەکانیان، دڵخۆشی کۆماری ئیسلامییان لەهەمبەر وادە و بەڵێنییە پێشووەکانیان کردە بڵقی سەر ئاو؛ لەلایەکی دیکەوە سەرمایەدانەرە نێوخۆییەکانیش کەوتنە خۆ و سەرمایەکانیان لە بازاڕدا کشاندەوە کە ئەم دوو مەسەلە شڵەژانێکی مەترسیداری لە ئابووریی ئێراندا دروست کرد، بە چەشنێک کە وەک لە دوایین ڕاپۆرت و هەواڵەکاندا بەدی دەکرێت، بەشێکی بەرچاو لە یەکە بەرهەمهێنەرە بچووک و مامناوەندەکان داخران و گەورە بەرهەمهێنەرەکانیش ناچار بوون بە نیوەچالاکی درێژە بە کارەکانیان بدەن؛ ئەم مەسەلەش بووە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی بێکاری و گرانبوونی بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک.

جیا لەم هاوکێشە نەهاتن یان کەمترهاتنی ماددە سەرەتاییەکان بەهۆی تەحریمەکان و دابەزینی نرخی ڕیاڵ و بەرزبوونەوەی نرخی ئەرزە بیانییەکان وای کرد کە بازاڕ لەگەڵ کەمیی ئەرز بەرەوڕوو ببێتەوە؛ ئەم دۆخە بەتایبەت ئەو کاتە زیاتر خۆی نواند کە دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە چوو و تێیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دانیشتنی هەیئەتی دەوڵەتی ڕێژیم، جەختی لەوە کردەوە، کە لە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر، هیچ ڕووداوێکی جێگەی نیگەرانی ڕوو نادات و ئامریکا هەموو گەمارۆکانی خۆی پێش لەم ڕێکەوتە جێبەجێ کردووە و ئێستە هیچ کارتێکی بۆ یاری کێشە و گرفتەکانی خەڵک لەباری چەندی و چۆنیەتییەوە زیاتر دەبن؟ ئەوەیکە ڕوونە وەک زۆرێک لە لێپرسراوانی ڕێژیم و کارناسانی کاروباری ئابووریی ئێران دەڵێن کێشەی سەرەکی ڕێژیم نەک تەحریم و گوشارە دەرەکییەکان بەڵکوو گرفتە نێوخۆییەکانە. کوڕەپوور و هاوپۆلییەکانی خۆیان هەڵکێشاوەتە سەر و کردوونیانەتە بەرپرس! "پارتیبازی" و بازرگانی کردن بۆ پێشفرۆش کردنی هەڵبژاردنەکان ژانێکی دیکەیە کە ئێستە دەرەنجامەکانی دەبیندرێت.

سەبارەت بە دۆخی شێواوی بازاڕی ئەرزیش کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا

## تەحریمی ئەمجارە پاڵنەرە سەرەکییەکان یان بەواتایەکی تر دڵی ئابووریی ئێران واتە نەوتیان کردووەتە ئامانج.

دانڵد ترامپ سەرۆکی ئامریکا جارێکی تر پێداگری کردەوە لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتەکەی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، هەروەها دوای ئەوەیکە وڵاتانی عەرەبستان و ڕووسیە بەڵێنیان دا کە قەرەبووی کەمیی نەوتی ئێران لە بازاڕەکاندا بکەنەوە نرخی دۆلار بۆ سەرووی ١٨ هەزار تمەن و لە هەندێک شوێنیشدا بۆ سنووری ٢٠ هەزار تمەن هەڵکشا. ئەم دۆخە کە باڵی بەسەر ئێراندا کێشا و هەروەها نیزیک بوونەوەی وادەی ١٣ی خەزەڵوەر کە تێیدا خولی دووهەمی تەحریمەکان دژ بە ئێران دەست پێدەکەن، ئەو گریمانەیەی لای هەندێک کەس لە ئێراندا دروست کرد کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی باڵانس و هێورکردنەوەی دۆخەکە مل بۆ هەندێک ویستی کۆمەڵگای جیهانی ڕابکێشێ و لانیکەم ئەگەر بەشێوەی تاکتیکیش بووە واز لە هەندێک لە سیاسەتە دوژمنکارانەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی بهێنێ بەڵام بە پێچەوانەوە لێدوانەکانی حەسەن ڕوحانی و عەلی خامنەیی ئەم ئەگەرەشی لەنێو برد؛ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەر، حەسەن ڕۆحانی، سەرکۆماری کردن پێنەماوە! وتیشی "خەزێنەکانی وڵات پڕن لە کاڵا سەرەکییەکان و دۆخی ئەرزی بە شێوەیەک نییە کە کۆمەڵگا تووشی کێشە بکات!".

هاوکات عەلی خامنەیی لە یاریگای ئازادی تاران و لە نێو کۆمەڵێک لە بەسیجییە ئاڵقە لەگوێکانیدا ئاوڕی لە دۆخی ئێران دایەوە و بە "هەستیار" وەسف کردنی ئەم دۆخە نەیتوانی ترسی خۆی لە داهاتووی نادیاری ڕێژیمەکەی بشارێتەوە و بۆ پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەی هەموو ئێرانی بەلاشفرۆش کرد و ڕوو لە بەسیجییەکانی وتی: "ئێوە خۆتان خاوەنی وڵاتن"؛ پاشانیش بە هێنانەوەی نموونەی مێژوویی لە شەڕفرۆشی و کوشتارەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بۆ سەرکووتی ئازادیخوازان لەلایەن بەسیجییەکانی ئەو کاتەوە پێی وتن: "ئێستە نۆرەی ئێوەیە کە هەمان ڕێچکە بگرنە بەر و بەرەو سەرکەوتنی "نیزام" هەنگاو بنێن".

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لە دوای ١٣ی خەزەڵوەر چی ڕوو دەدات؟ ئایا کۆماری ئیسلامی وەک بەڵێنی داوە دەتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات یان بەپێچەوانەوە بەوتەی یەکێک لە بەناو نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم ٧٠٪ی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان بەهۆی فاکتەرە نێوخۆییەکانەوەیە کە گرینگترینییان بریتین لە: نەبوونی بەڕێوەبەریی کارامە و درووست، نەمانی متمانەی خەڵکی، ڕانت خاری و دزی و گەندەڵییە حکوومەتییەکان، ئیزن نەدان بە گەشەی ئابووریی لە کەرتی خسووسی و زۆر هۆکاری بنچینەیی دیکە.

هەر لەمبارەوە ئەحمەد تەوەکۆلی نوێنەری پێشووی مەجلیسی ڕێژیم کە هەنووکە سەرۆکی ڕێکخراوی "چاودێری شەفافیەت و دادپەروەری وڵات"ە لە ئاخاوتنێکدا سەبارەت بە بارودۆخی ژیان لە ئێران و دۆخی ئابووریی خەڵک، وتوویەتی: هۆکاری سەرەکی هەموو گەندەڵییەکان لە ئێراندا بریتییە لە پێشێلکردنی مافی کەسانی شیاو و شارەزا و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان بنەماڵە دەسرۆیشتووە حکومەتییەکان.

هەروەها وتوویەتی: لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتەکان تەنیا بە دەست تاقمێک نەخوێندەواری ڕووهەڵماڵراوەوە بووە کە خزم و ئێرانی گرتەوە، ناوبراو وتوویەتی: یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەو بشێوییە بریتییە لە نەبوونی متمانەی خەڵک بە ڕێژیم و نەبوونی چاودێری تۆکمە.

بۆچی تەحریمەکانی ١٣ی خەزەڵوەر گرینگن؟ ئەم خولە لە تەحریمەکان بریتییە لە گەمارۆکانی بیاقی وزە و بانک، چالاکییە پێوەندیدارەکان بە بەندەرەکانی ئێران و کەرتەکانی پێوەندیدار بە ڕاگواستنی دەریایی و کەشتیسازی، کڕین و فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان و بەرهەمەکانی پێترۆشیمی، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ بانکی ناوەندی و باقی دامەزراوە ماڵییەکانی ئێران، کەرتی وزەی ئێران و خزمەتگوزارییەکانی بیمە. بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆمان دەردەکەوێت کە تەحریمی ئەمجارە پاڵنەرە سەرەکییەکان یان بەواتایەکی تر دڵی ئابووریی ئێران واتە نەوتیان کردووەتە ئامانج. ئێران لە ئێستادا ڕۆژانە ٢ میلیۆن و ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، ئامریکاش لە بەرنامەیدایە تاکوو ئەم ڕێژەیە بگەیەنێتە سفر یان نیزیک لە سفر کە لە ئەگەری جێبەجێ بوونی ئەم پلانە، بەرجەوەنی تەمتوومانی ئابووریی کەڵانی ئێران کە پێشتریش زۆر جێگەی پشتپێبەستن نەبوو، لەگەڵ قەیرانی زۆر جیددیتر بەرەوڕوو دەکاتەوە. داڕمانی دووبارە و زیاتری دراوی ئێران (لە مانگی بانەمەڕەوە بایەخی ڕیاڵ ٧٠٪ دابەزیوە)، هەڵکشانی دووبارە و زیاتری نرخی هەڵاوسان (بەپێی لێدوانی پرۆفسۆر ستیف هانکێ نرخی هەڵاوسانی ئێران لە ئێستادا ٣٥١٪ە)، مەترسی داڕووخانی ئابووریی بۆ گەشەی نەرێنی، بەرزبوونەوەی نرخی بێکاری (وەزیری کار وتوویەتی لانیکەم ١ میلیۆن کەسی دیکە پەیوەست بە لەشکری بێکارانی وڵات دەبن)، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان بەهۆی هەژاری و برسیەتی (فەرامەرز تەوفیقی، سەرۆکی کۆمیتەی مووچە لە ناوەندیی باڵای شۆراکان بە هەواڵدەریی حکومەتی ئیلنای وتووە: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاکوو ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەر هێزی کڕین لای توێژی کرێکاری ئێران، ٩٠٪ کەمی کردووە؛ بەواتایەکی تر ئەگەر کرێکارێک دەیتوانی لە وەرزی بەهاردا سێ ژەمە خۆراک بۆ بنەماڵەکەی دابین بکات ئەوا ئێستە ئەم ڕێژەیە بۆ یەک ژەمە خواردن دابەزیوە)، نەمانی توێژی نێونجی یان مامناوەندی کۆمەڵگە و دەیان دیاردەی دیکە بەشێک دەبن لەو وەرزە نوێیەی کە خەڵک لە ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە؛ ئەگەر لێرەدا ئەم خاڵانە وەک فاکتەرە نێوخۆییەکانی دیاریکردنی چارەنووسی ئێران بگرینە بەر چاو دەبینین کە "ڕۆژە چارەنووسسازەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەن".

# پەروەردەی باڵادەستە تاقمگەراکان لە پێناو مانەوەیانە

جەماڵ فەتحی



کاتێک کە بە کۆمەڵگایەک دەڵێن کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو، لە زەینی خۆماندا تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگایە خاوەن پەروەردەیەکی باش و ڕێکوپێک وێنا دەکەین و یەکەم بۆچوونێک لەبارەی ئەو کۆمەڵگایە لە مێشکدا بیچم دەگرێت، ئەوەیە کە بناغەی پەروەردە جیاوازییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەسەر بنەمایەکی بەرنامەدار، داڕێژراوە و لە پشت کەسایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایە پەروەردەیەکی قایم و ستاندارد هەیە.

پەروەردە کە پرۆسەیەکی درێژخایەنە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەتا دوایین ساتەکانی ژیان بەردەوامە و هیچ کات مرۆڤی پێشکەوتوو خۆی لە پەروەردە بەبێ نیاز نازانێت، هەر ئەم ڕەوتی پەروەردەیەیە کە ڕێڕەوی کۆمەڵگاکان بەرەو گەشەسەندن یان دواکەوتن دیاری دەکات، واتە کۆمەڵگایەک کە بۆ گەشەکردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی خۆی تێچووی پێویست تەرخان دەکات، زیاترینی ئەو تێچووە لە کەرتی پەروەردە وەگەڕ دەخات و ئەو کۆمەڵگانەش کە لە ژێر بیری مورناشیستی و هەروەها ئولیگارشییەوە دەناڵێنن لە جیاتی تەرخانکردنی تێچوویەکی تایبەت بۆ کەرتی پەروەردەیەکی ئوسوولی و ستاندارد، زیاترین هەوڵیان ئەوەیە کە مێشکی تاکەکان تەنیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی تاقم و دەستەی دەسەڵاتسەپێن بار بهێنن، واتە پەروەردە کە دەبێت لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، لە خزمەت گرووپێکی تایبەت دەبێت، کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی وڵات و کۆمەڵگایان قۆرغ کردووە.

کۆمەڵگای ئێران کە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنە، لە هەموو مێژووی خۆیدا بەردەوام وەکوو سەرباشقە و یەکێک لەو وڵاتانە بەرچاو کەوتووە، کە بە شێوەی مونارشیستی و لە باشترین حاڵەتی خۆیدا دەسەڵات و حوکمی وڵات بە دەست تاقمێکی تایبەتەوە بەڕێوە بردووە، هەر ئەم شێوازە دەسەڵاتە خۆسەپێنانەی کە لە ئێراندا زاڵ بووە و بەشێک لە نیشتمانی کوردان کە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئەم دەسەڵاتە هەڵکەوتووە، قوربانیی وەها سیستمێکی دواکەوتووی پەروەردەیی بووە، چونکە بناغەی پەروەردەی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆسەپێنی ناوەندەوە بە چەشنێک بونیات دەنرێت، کە ئاراستەی پەروەردەکان لە ڕاستای بەرژەوەندیی ناوەند و تاقمی دەسەڵاتداری زاڵ بەسەر ئەو وڵاتە دەبێت و لە هەموو بوارێکی پەروەردەییدا تەنیا شتێک کە لە بەرچاو دەگیردرێت پاراستنی دەسەڵاتێکە کە لە ڕێگای ڕاوێژکاران و بیردۆزانی ناوەندەوە بە دەق و گوتاری سیاسیی بریقەدارەوە هەوڵی بڵاوە و پەرەسەندنی دەدرێت.

یەکێک لە پیلانەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی زاڵ بەسەر ئێران ئەوە بووە، کە هەموو تاکێکی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران بخاتە ژێر هێژموونی زمانی فارسییەوە و لە قوتابخانەکاندا تەنیا گرنگیی بەو زمانە بدرێت، ئەم سیاسەتە تەنیا عەقڵیەتێکی ڕەگەزپەرەستانەی نەریتی نییە، کە لە بەرانبەر نەتەوە بندەستەکانی ئێران جێبەجێ دەکرێت؛ بەڵکوو عەقڵیەتێکی سیستماتیکە، کە ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران کاریان لەسەر کردووە و تێچوویەکی تایبەتی بەرچاویان بۆی تەرخان کردووە.

ئەوەیکە ڕێژیمەکانی ئێران هەوڵی تواندنەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکەیان داوە و دەیدەن بۆ چەند شت دەگەڕێتەوە، کە دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێکی بکرێت:

١. یەکدەستکردنی وڵات لە بواری ئاخافتنەوە، کە ئەم پیلانە فەرهەنگییە، پیلانی دیکەی سیاسی و ئابووریی لە پشتە.

٢. فەوتانی زمانە ڕەسەنەکان لە ئێران و پەرەپێدان و تێخزانی زمانی ناڕەسەنی دەسەڵات لە نێو کۆمەڵگا وەکوو زمانی پێوەر، کە ئەم خاڵە کاریگەریی دەروونیی قووڵ لەسەر پەروەردەی تاکەکان دادەنێت.

٣. نامۆکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە زمانی دایکییان وەکوو پردێک بۆ نامۆکردنیان لە مێژوو و شوناسیان.

دەسەڵات و بیردۆزانی دەسەڵات بە پەرەپێدانی ئەم گوتارە سیاسییە کە بە درێژایی مێژوو تەمەنی هەیە، هەر سەردەم و قۆناغێک لەژێر ناوێک و بە بەرگێکەوە هەوڵی ناڕەسەن و سووک پیشاندانی زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەدەن و تەنانەت بە سازکردنی جەفەنگی بێبنەما لەسەر زمان، مێژوو، جلوبەرگ و بڵاوکردنەوەی لە نێو خەڵکدا پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران جگە لە پێکهاتەی فارس بە گاڵتەجاڕ و پێکەنیناوی لە قەڵەم دەدرێت، ئەم پیلانە پاش ئەوەی جێگیر دەبێت کە مێشکی تاکی کۆمەڵگا و پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران لە ڕێگای خوێندن بە زمانی نامۆ و ڕاگەیاندنەکان ئامادەی ئاڵوگۆڕ بە دژی بەهاکانی نەتەوەکەی خۆیەتی.

ئەگەرچی هەوڵی تواندنەوە و جێگیرکردنی پەروەردە سەقەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی بەردەوامیی کورد لە تێکۆشان و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی خۆی، چەند قات زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بووە، بەڵام بە هۆی خاوەن مێژوو و شوناسبوونی کورد و چالاکیی حیزبەکان، لایەنە مەدەنییەکان و دڵسۆزانی بواری فەرهەنگی ئەم پیلان و هەوڵانە نەزۆک ماونەتەوە و خاوەن دەسەڵاتەکانی ناوەند ڕەنج بەخەسار بوون. کۆتاییهاتنی خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردی سەرەڕای قەدەغەبوونی لە قوتابخانەکان هەر جارەو لە شوێنێکی کوردستاندا، فستیڤاڵە ئەدەبییەکان، جێژنی یەکدەست پۆشینی جلی کوردی لە لایەن قوتابییان لە چەندین قوتابخانەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، نموونە و بەڵگەیەک بۆ نەزۆکبوونی هەوڵەکانی ڕێژیم لە کوردستانن.

## کوردە کۆچەرەکانی یارسان لە شاری کەلاردەشت ڕێوڕەسمێکی ئایینییان بەڕێوە برد



کوردە کۆچەرەکانی کەلاردەشت بە بۆنەی کرانەوەی بینای نوێی "جەمخانەی دەروێش عەلی"، لە شاری کەلاردەشتی مازندەران ڕێوڕەسمێکی گەورەیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی ڕەزبەر، ژمارەیەک لە هاوڕێیان و ساداتی شاری کەلاردەشت لەگەڵ ژمارەیەک لە میوانەکان، لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا، بە بۆنەی کرانەوەی بینای نوێی جەمخانەی دەروێش عەلی جێژنیان گرت.

هەواڵنێری کوردپا سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوەڕسمە ڕایگەیاند: ئەو ڕێورەسمە ڕۆژی پێنجشەممە کاتژمێری ٤ی ئێوارە، بە کۆبوونەوەی هاوڕێیان، لێدوانان، تەمووڕەژەنان، کەلامخوێنان دەستی پێ کرد.

هەواڵنێری کوردپا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: دواتر ڕێوڕەسمەکە لە بینای ئاماژە پێکراو بە ئەنجامدانی ئایینی نیاز، کەلامخوێن، تەمووڕەژەنی و چەپیاری بەردەوام بوو.

بە وتەی هەواڵنێری کوردپا، دەتوانین بڵێین ئەو ڕێوڕەسمە، یەکێک لە ڕێوڕەسمە تایبەتەکانی ڕێوڕەسمی ئایینی یارسان لە شاری کەلاردەشت بووە، کە سەرەڕای ئاستەنگ و هەڕەشەکان بە جوانترین شێوە بەڕێوە چووە.

کەلاردەشتی مازندەران چەندین سەدەیە کە خانەخۆی کوردەکانی یارسانە کۆچەرەکانە و جەمخانەی دەروێش عەلی (دێریشەلی) لە گوندی گەورە کەلنۆ، لە شاری کەلاردەشت یەکێک لە کۆنترین و بەناوبانگترین جەمخانەکانی یارسانی ئەو ناوچەیە دەبێت.

بینای ئەو شوێنە ئایینییە کە بە باوەڕی باوەڕمەندانی خاوەنی پەرجۆ و کەرامەتە و هەتا ئێستا چەندین جار لە قۆناغی جۆراوجۆردا بەتەواوەتی ڕووخاوە و سەرلەنوێ نۆژەن کراوەتەوە.

## هەڵسەنگاندنی ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆیەکی بریتانیا



بە بەشداریی فەرهەنگنووسێکی مەهابادی، زانکۆیەکی بریتانیا ئاوڕی لە بەرهەمە کوردییە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە.

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی خەرمانانی ٩٧ی لە زانستگای ئێگزێتێری وڵاتی بریتانیا کارگرووپێک بە پشتیوانی ماڵیی زانستگا و ناوەندی کەلەپووری ئێران، لەژێر ناوی "بەرهەمە کوردییە فەرهەنگییەکان لە ئێران، ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو" کۆڕێک بەڕێوە چوو.

ناوەندی کەلەپووری ئێران کە بنکەکەی لە بریتانیایە، سەرپەرەستی و پشتیوانی ماڵیی ئەو لێکۆڵینەوە و کارگرووپانە دەکات، کە پێوەندیی دوور و نزیکیان بە ئێرانەوە هەیە.

بەشداربووانی ئەم کارگرووپە و بەگشتی خوێندکار و لێکۆڵەری بواری مێژوو، بابەت و خوێندنەوە فەرهەنگییەکان، کوردناسی و ئێرانناسی بوون.

لێکۆڵەرەکان لە وڵاتانی بریتانیا، لەهستان( پۆڵۆنیا)، ئوستراڵیا، تورکیە و ئێرانەوە بەشدار بوون. تەوەرەکان لە چەند پەنێلی جیاوازدا کەوتنە بەرباس. پەنێلێکیان بۆ زمان کوردی تەرخان کرابوو و لە پەنێلی "زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئێران" چوار کەس بەشدار بوون. هەر لەو پەنێلەدا قسە لەسەر "دۆخی زمانی کوردی لە ئێران" کرا و دەرفەت و ئاستەنگەکانیان خستە بەرباس.

دوابەدوای ئەوەش ئاوڕیان لە تەنزی کۆمەڵایەتی و هەجو لە ئەدەبیاتی کوردی دایەوە. لە بەشێکی دیکەی پەنێلەکەدا "ئەدەبیاتی کوردیی تاراوگە" واتا ئەو کوردانەی بە ئینگلیزی دەنووسن، خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

تەوەرێکی دیکەی ئەم پەنێلە "نەریتی حوجرە و خانەقا لە ئەدەبیات"دا بوو. "سینەمای کوردی لە ئێران"یش پەنێلێکی دیکەی کارگرووپەکە بوو و پەنێلی کوتاییش لەژێر ناوی " زیندووبوونەوەی فەرهەنگی کوردی لە ئێراندا" بوو، کە توێژەر و فەرهەنگنووس سەلاح پایانیانی بە سکایپ بەشدار بوو و بە تێروتەسەلی باسی شێوازی کار (مێتۆدی لێکۆڵینەوە)، ئاستەنگ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاری "فەرهەنگی زارەکیی موکریان"ی کرد و سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا و پاشان بە وردی وڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە.

پەنێلێکی دیکەی ئەم کارگرووپە باسی "مۆسیقای یارسان" بوو کە ئارەش مورادی وەکوو شارەزای ئەم بەشە بۆ ئامادەبووان دوا.

بەشێکی تری پەنێلەکە باسی "مەسەل و مەتەڵی ناوچەی تیلەکۆی سەقز" بوو. بڕگەی کۆتایی کاری کارگرووپەکە بۆ موسیقیی یارسان تەرخان کرابوو.

# لەک، دڕکی چاوی دوژمنانی گەل

## ئاوڕێک لە دووبەرەکی سازکردن لەنێو کوردان

شەهرام میرزائی



ڕافائێل لمکین، وەکوو داهێنەری دەستەواژەی ژینۆساید، بە شێوەیەکی تەواو زانستی لە گرینگترین بەرهەمی خۆی بە ناوی Axis Rule in Occupied Europe دەڵێ: ژینۆساید بە دوو شێوەی سەرەکی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەڕێوە دەچێ: یەکەم لە ڕێگەی کوشتاری بە کۆمەڵی گروپێک کە دەبێتە ژینۆسایدی جەستەیی وەکوو کیمیابارانی هەڵەبجە، کوشتنی زۆرتر لە ٧هەزار پیاوی بارزانی و کوشتنی هەزاران کوردی فەیلی و دووهەم لە ڕێگای داهێزراندن و لەرزوک کردنی بونیاتگەلی ژیان کە دەبێتە ژینۆسایدی کەلتوری وەک کۆچاندنی بە کۆمەڵی گروپێک یان سەپاندنی زمان و فەرهەنگ و ئایینی نەتەوەی دەسەڵاتدار کە دەتوانین بە پرۆسەی دژە مرۆیی "تەعریبکردن"ی کوردستان لە باشوور یان کۆچدانی هەزاران کوردی ڕۆژهەڵات بۆ خۆراسان لە سەردەمی شا عەباس یان لە تواندنەوەی لوڕەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو فەرهەنگی فارسی، ئاماژە بکەین.

ئێمەی کورد لە زەمانێکەوە کە خۆمان ناسیوە، بە کورد بانگ کراوین و باب و باپیرانیشمان هەر بەو پێناسە خۆیان ناساندووە و هەر بەم پێناسەیەش لەگەڵیان هەڵسوکەوت کراوە، بەڵام بە دەسپێکی سەردەمی سازکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩- داگیرکەرانی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی نوێ و کەرەستەگەلێک کە ئەم زانستە نوێیە خستوویەتە ئیختیاریان، فازێکی دیکە لە ژینۆسایدی کوردیان دەست پێکرد کە لە زانستی کۆمەڵناسی و لە بەڵگەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بە "ژینۆسایدی فەرهەنگی" ناسراوە کە بە داخەوە دەبێ بڵێین لەو کاتەوە کە ئەم قۆناغە دژە مرۆییە، دژ بە کورد دەستی پێکردووە، نەتەوەی ئێمە بە قەد ٢٥٠٠سال مێژووی ژێردەستبوونی، زەربەی خواردووە و دوژمن توانیویەتی گورزی کارا لە پەیکەرەی نەتەوەکەمان بدات کە ئاسەوارە تاڵەکانی لە سەدەی بیست ویەکەمدا دەبینین کە چۆن بەشێک لە نەتەوەکەمان قسە کردن بە تورکی یان عەرەبی یان فارسی، بە شانازی دەزانێ یان بەشێکی دیکە هەر خۆی بە کورد نازانێت یان لە مێژوو و کەلتووی نەتەوەیی خۆی نامۆیە.

تا دوێنێ لوڕ و ئێستایش نۆرەی لەکە نامهەوێت بە شێوەی باو لە کورد بوونی لەک لەم نووسراوەدا قسە بکەم ئەویش بە دوو هۆکار، یەکەم: باس کردن لە کورد بوونی لەک وەکوو باس کردن لە ڕووناکاییە لە ڕۆژ. دووهەم: ئەگەریش بمانهەوێ باس لەم دۆسیە بکەین ئەوە باسێکی بە تەواوەتی ئاکادمیک و پسپۆڕانەیە و پێویستی بە کارزانی بواری خۆی هەیە کە لە مێژوو و زماندا بە تەواوەتی بە شێوەی ئاکادمیک پسپۆڕ بێت کە ئەوە دەرواتە نێو بازنەی نووسینێکی ئاکادمیک بۆ خوێندنەوە لە زانکۆکان، هەر ئەو جورە کە باس کردن لە چۆنایەتی ڕووناکی لە ڕۆژدا، لە فیزیک و بابەتە زانستییەکاندا باس دەکرێ نە لە بابەتگەلی ڕۆژانەدا.

ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی وەکوو سەرەکیترین شێوەی ژینۆسایدی فەرهەنگی، پرۆسەیەکی دوور و درێژ لە دەستانی تیۆریسیەنە فارسەکان بووە تا لەو ڕێگایەهدا جەستەی پڕهێزی کورد شەق شەق بکەن تا باشتر بتوانن لە نێویان ببەن. ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداری "امیرکبیر" پێی ناوەتە قوناغێکی نوێ و لە سەردەمی پاشایەتی ڕەزاشا بە تەواوەتی تیئۆریزە کراوە و هەتا ئێستایش حکومەت هەر لەو چوارچێوە کە داڕێژراوە، درێژە بە ژینۆسایدی فەرهەنگی کورد ئەدات. لەو ڕۆژەوە کە "احمد امیر احمدی" ناسراو بە "قصاب لورستان" هەزاران کەسی لە ئیلام و خورمئاوا و بەختیاری تەفروتونا کرد و هەزارانی دیکەی ئاوارەی عێراق و شارانی دیکەی ئێران کرد، نزیک بە سەد ساڵ دەگوزەرێت.

لەو ڕۆژانەدا، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران وا بیریان دەکردەوە کە بە ژینۆسایدی جەستەیی و فەرهەنگی دەتوانن، یان لوڕەکان لە نێو ببەن یان لە نێو فەرهەنگی فارسدا ئاسیمیلەیان بکەن، بەڵام ڕووداوەکانی دوایی، بووە هۆکاری سەرەکی زیندوو مانەوە و درێژەدان بە خەبات لە نێو لوڕەکاندا بۆیە نهتەنیا دوای ٥٣ ساڵ لە مردنی "احمد امیر احمدی" کە بە دەردی شێرپەنجە و بە ئازارێکی زۆرەوە مرد، لوڕەکان لە نێو نەچوون بەڵکوو گەنجانی لوڕیش هەر ڕۆژ ئاگاتر و بە ڕێژەیەکی زۆرتر درێژە بە وشیاری و لەسەرهەستبوونی نەتەوەیی دەدەن.

ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی و تیتروار ئاماژە بەو هۆکارە مێژوویيانە بکەین کە بوونەتە هۆی خۆڕاگری لوڕ و شکستهێنانی پیلانەکانی داگیرکەران دەتوانین بڵێین: ١- دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە ٢- سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان کە هەتا ئەمرۆ هەوێنی خەباتی گەلەکەمانە ٣- بەشداری کوردانی پارچەکانی دیکە لە کۆماری کوردستان کە هەستی یەک بوونی کوردانی بەرز کردەوە ٤- سەرهەڵدانی ڕێبەرێکی بلیمەت وەکوو د.قاسملوو کە جێگە و پێگەی باشووری زاگرۆسی لە نێو بزاڤی کوردی دووبارە زیندوو کردەوە ٥- پێکهاتنی حکومەتێکی کورد لە ساڵانی ٩٠ لە باشووری نیشتمان کە ئەم هەستەی لە نێو لوڕ زیندوو کردەوە کە ئەوانیش دەتوانن خۆیان ئیدارە بکەن ٦- سەرهەڵدانی شۆڕشێکی زانستی-خوێندکاری لە ساڵانی ٧٠ی هەتاوی کە بووە هۆی ئاشنایی ڕاستەوخۆی خوێندکارانی خورمئاوا، یاسوج، شاری کورد، دزفول و... لەگەڵ ئەو خوێندکارانە کە لە شارەکانی سنە، مەهاباد، بۆکان، ورمێ و... هاتبوون و لەو ساڵانەدا ناوەندی بزاڤی کوردی بە ئەژمار دەهاتن. ئەو تێکەڵاوییە لە زانکۆ بووە هۆی ئەوەیکە ئەزمونی خەباتی کوردی بەرەو شارە لوڕەکان بگوازرێتەوە، ٨- ڕاگەیاندن و میدیای کوردی، بوونی چەندین کاناڵی کوردی و بڵاو بوونی بەرنامەگەلی سەتەلایتی بە زمانی کوردی و ئاوڕدانەوەی ئەو سەتەلایتانە بە زاراوەکانی کوردی و بڵاو کردنی هەواڵی پەیوەندیدار بەو ناوچانە ٩-نووسەران و چالاکانی مەدەنی ڕۆژهەڵات کە لە هەر کات و هەر شوێنێکدا ئاوڕی تایبەتیان داوەتەوە لە لوڕەکان ١٠- چالاکانی مدنی، سیاسی و هونەری لوڕ، کە لە واقعدا هۆکاری تەواوکەرەوەی هەرەسهێنانی سیاسەتە فاشیستییەکانی ڕێژیمی حاکمە دژ بە کورد. چالاکانی لوڕ بە هەست کردن بە دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی نیشتمانەکەیان و مەترسی لەنێوچوونی کولتوورەکەیان بە نووسینی کتێب، بەرهەمهێنان و پاراستنی موسیقی ڕەسەنی ئەو ناوچە، ئاگادار کردنی خەڵک بە مافەکانیان و ڕوون کردنەوەی مێژووی تاڵان و قڕکردنی خاکەکەیان لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە، وەکوو تەواوکەری خاڵەکانی دیکە ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرزکردنەوەی وشیاریی لە ناوچە لوڕنشینەکان هەبووە و هەیە.

ئێستا کە سیاسەتەکانی ئێران بەرانبەر بە لوڕ هەرەسی هێناوە چەند ساڵێکە کە کۆماری ئیسلامی تەکووزی خستووەتە سەر کوردانی لەک تا لە پەیکەرەی کورد وکوردستان جیایان بکاتەوە.

چی قەوماوە؟!

لە گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاویدا، "کمیتە ثبتملی میراث ناملموس ایران"، زاراوەی لەکی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ تۆمار کرد؛ دواتر لە گەلاوێژی ئەمساڵدا -١٣٩٧ی هەتاوی- فەرمانداریی شارستانی هەرسین دامەزراندنی ڕادیۆیەکی تایبەت بە کوردی لەکی بە ناوی "ڕادیۆ لەکی" لە کرماشان ڕاگەیاند و بڕیار درا کە جیا لە بەشی کوردی ڕادیۆ کرماشان، سەرقاڵی ساز کردنی بەرنامە لە بوارگەلی جیاواز وەکوو زمان، کەلتور، مێژوو، ئەدەبیات و... ببێت. بەڵام ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تۆمار کردنی زاراوەی لەکی وەکوو زمانی سەربەخۆ و دامەزراندنی ڕادیۆ لەکی چییە؟

لەم بارەوە "ئەفشین کەرەمیان نەسەب" کارناسی بواری سیاسی و لە چالاکانی کوردی لەک کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئامریکایە، لە وتوێژێکی تایبەتدا ڕایگەیاند: "ئامانجی سەرەکی ئێران لەم پیلانە، جیا کردنەوەی ئێمەی لەک لە پەیکەرەی نەتەوەی کورد و دروست کردنی شوناسێکی دەستکردە تا لە ئەنجامدا بە ساکاری بتوانێت ئێمەی لەک لە نێو فەرهەنگ و زمانی باڵادەست یانی فارس بتوێنێتەوە، چوونکە کاتێک بەشێک لە بنەماڵەیەک لە باوەشی کەلتوری باو و باپیریان جیا دەکەی بە ساکاری دەتوانی لە نێویشیان ببەی".

کاک ئەفشین کە چەندین ساڵ لە کرماشان چالاکی مەدەنی- سیاسی بووە لە وڵامی ئەم پرسیارە کە ئەرکی چالاکانی کرماشان بەرانبەر بەم پیلانەی داگیرکەران چییە دەڵێ: "بە باوەڕی من سەرەکیترین ئەرکی چالاکانی مەدەنی- سیاسی کورد بە تایبەت کوردی لەک، ئاگادار کردنەوەی بەربڵاوی خەڵکە، چونکە سەرەکیترین هۆکاری پوچەڵ بوونی پیلانەکانی دوژمن هۆشیاری و ئاگادار بوونی خەڵکە". ئەم چالاکوانە کوردە لە درێژەی ئەم وتووێژە تایبەتەدا ئاماژەی بە گرینگی کرماشان و مەترسیداربوونی ئەم پیلانە کرد و وتی: "هەر ئەو جورە کە دەزانین کرماشان لە بواری ئیستراتژیک و ژێئۆپۆلۆتیک، هەم بۆ سیاسیونی کورد گرینگە و هەم بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکە زۆرترین حەشیمەتی ڕۆژهەڵات و گەورەترین ڕووبەر و ڕێژەیەکی زۆری کانگا و نەوت و گازی لە ئامێز گرتووە؛ هەروەها وەکوو ناوەندی کوردانی ڕۆژهەڵات ناسراوە، بۆیە پەیوەست بوونی خەڵکی کرماشان بە بزاڤی کوردی بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوور و کردەوەیەکی نابەخشراوە، بۆیە لە ڕێگاگەلی جۆراوجۆر هەتا ئەمڕۆ هەوڵی داوە کە پێش لە پەیوەست بوونی ئەم خەڵکە بە ڕیزەکانی بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کورد بگرێت، کە تۆمارکردنی شێوەزاری لەکی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ، تازەترین پیلانی دوژمن بۆ دووبەرەکی سازکردن لە کرماشانە".

ساڵهای ساڵە کە نیشتمانمان بەرەوڕووی پیلانە دژە مرۆییەکانی داگیرکەران دەبێ و ڕۆژ نییە کە بەو هۆیەوە توشی نوقستان و خەسار نەبێ. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە تەنیا بە هۆشیاری، خۆڕاگری و بەرخۆدانی هەمەلایەنەی نەتەوەکەمان، ئەم گەلە توانیویەتی هەتا ئەمڕۆکە خۆی ڕاگری و ببێتە دڕکی چاوی ناحەزانی نیشتمانەکەی، بۆیە ئەرکی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشە کە لەم ڕێگایەدا یارمەتیدەری ڕۆژهەڵات بن و بە بڵاو کردنەوەی هاواری ئەو بەشە لە نیشتمانمان یارمەتیدەری سەرکەوتنی گشتی گەلەکەمان بن.

# فیلدزی بیرکاریی کۆچەر و نۆبێلی ئاشتیی نادیا






**کاروان**

ئەوانەی فیلمی "کاتێک بۆ سەرخۆشیی ئەسپەکان" ی دەرهێنەری ناوداری کورد . بەهمەنی قوبادیان بینیبێ ، هەرگیز ناتوانن ئەو سێکانسەی کە "مادی" وەک کەسایەتی سەرەکیی فیلمەکە، بەرانبەر بە وێنەی وەرزشوانێکی ڕۆژئاوایی لەش جوان و چوارشانە کە سیمبۆلی شارستانیەت و پێشکەوتوویی بوو، لەبیر بکەن . دیمەن و ڕاستییەکی تاڵ، کە ئاماژە بوو بۆ خۆ بەکەم زانینی کورد !. ئەم هەستی خۆ بەکەم زانینە ، هەر وەک لە فیلمەکەشدا بە جوانی و زۆر هونەرمەندانە پیشان دەدرێ ، بەرهەمی دەسەڵات و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستانە نەک باوەڕی دەروونی و زاتیی کورد .

دەیان ساڵە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە لە دەستیاندایە ، هەوڵی شکاندنی ئیرادە و سووک کردنی کەسایەتیی کورد دەدەن . ئەوان ویستوویانە و دەیانهەوێ تا ئێمە لە باوەڕ بە خۆ بوون . کە هێز و دینامیزمی سەرکییە بۆ پشکوتن و دەرکەوتن ، بە تاڵ بکەن و دابماڵن . هەموو ئەو فیلمە سینەمایی و دۆکیومێنتارییانە ! بێننەوە بیری خۆتان کە لە سەر کورد و باقی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێران ، بەرهەم هێنراون و دروست کراون . دانە بە دانەی پلان و سێکانسەکانی ئەو فیلمانە یەک ئامانجیان هەبووە و هەیە ، ئەویش سووکایەتی کردن و شکاندنی کەسایەتیی ئەو نەتەوانە بووە . جۆک ساز کردن ، بە قەوم ناو بردن ، بە شەڕخواز ناساندن ، بە عەشیرە ناو بردن ، بە سنوورنشین ناودێر کردن و دەیان لۆمە و لەقەبی تر ، هەر هەمووی بە مەبەستی وێران کردنی کەسایەتی و تەڵقین کردنی هەستی خۆ بە کەم زانینی ئێمە بووە !.

بیرەوەرییەکانی ئێمە لە عەرەب ، بەلوچ ، لوڕی سینەما و تەلەڤیزیۆنی ئێران ، لەو چەند دیمەنە زیاتر نییە کە مەبەستەکەشیان ئاشکرا و ڕوونە : بە خوزستان و عەرەب ئەو دیمەنانەمان دێتەوە بیر ، قامیشەڵانێکی پڕ ئاو ، چەند گامێش ، دە پازدە منداڵی ڕەش و ڕووت لە ناو قوڕ و چڵپاو ، پیاوێکی دشداشە پۆشی نارێک و چەند ژنی نەخوێندەواری جلکشۆر !. بە بەلوچ و بەلوچستان ، چوار بزنی لەڕ ، پێنج شەش منداڵی نەشۆراو ، پیاوێکی ڕەشتاڵەی بەلوچی پۆشی فارسی نەزان ، دەشتێکی وشکی بێ حاسڵ ، ناو ماڵێکی شپڕێو و ژنێکی نەخوێندەوارمان دێتە بەچاو !. لوڕ و لوڕستانی دەنگ و ڕەنگی ئێرانیش یانی ، زنجیرە شاخێکی پڕ هەڵدێر ، مێگەلە مەڕێک و باریکە ڕێیەکی دژوار ، ژنێک و چوار پێنج مناڵ بە پشتی هێسترێکەوە ، پیاوێکی چێو لەدەستی چۆخا پۆش و ڕەشماڵ و دەوارێک بە قەد و لاپاڵی شاخێکی بەردەڵان !. لەسەر کوردیش تەنیا وەبیر هێنانەوەی فیلمە سینەماییەکانی "رسول ملاقلی پور"ەکان بەسە کە لە ڕووی نەزانییەوە لە جیاتی "هیوا" دەیانگوت "هەی وا" !. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو فارسێک شارنشین ، هونەرمەند ، مودیرانی ناسا ، زاناترین پزیشکانی دنیا و بە فەرهەنگترین کەسانی جیهانن !!!.

مەبەست لەو باسەی کە لەو دێڕانەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە کە ئێمە بە بێ لە بەر چاو گرتنی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و باقی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێک شکاندنی ئیرادەی نەتەوەکەمان ، ناتوانین لە گرینگی ، گەورەیی و کاریگەریی سەرکەوتنەکانی کەسانی وەک کۆچەر بیرکار و نادیا موراد تێبەگەین . خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی یا فیلدزی بیرکاری ، ڕەنگە بۆ زۆرێک لە نەتەوە خاوەن وڵات و خاوەن دەسەڵاتەکان زۆر کاریگەر نەبێ و نەتوانێ ببێتە شانازییەکی نەتەوەیی گەورە ، بەڵام بێ گومان بۆ نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد کە بەردەوام لە ژێر هێرشی پڕوپاگاندای داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدایە ، نەک تەنیا شانازییەکی گەورەیە ، بەڵکوو دەبێتە هۆی غووروری نەتەوەییشمان .

خەڵاتی فیلدزی کاک کۆچەر بیرکار دەرخەری ئیرادە و باوەڕ بە خۆ بوونێک بوو کە دەیان ساڵ بوو هەوڵی تێک شکاندن و وێران کردنی دەدرا !. ئەو خەڵاتە و گەیشتنی ئەو گەنجە کوردە بەو پێگەیە لە زانست ، نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئیرادەی گەنج و لاوانی ئێمە لەشکان نەهاتوویە . بە چاو خشاندنێکی ئاسایی بە سەر ژیانی کاک کۆچەر و ئەو نەهامەتی و گرفتانەی کە وەک لەمپەرێک لە بەردەم پێشکەوتنەکانی ئەو بوونە ، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر کورد خاوەن ئیمکانات و مافی بە ئازادیی ژیان کردنی هەبێ ، زۆر زوو دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرچاو لە ناو نەتەوە پێشکەوتووەکاندا . دواکەوتوویی ئەوڕۆی کورد نیشانەی نەبوونی توانایی فکری و هەژاری لە بیر کردنەوەدا نییە ، بەڵکوو ئاکامی بێ دەرەتانی ، زوڵم و زۆری ، جیاوازی دانان و نەبوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ خۆپێگەیاندنێکی شیاوە . ئەگەر کاک کۆچەر بە سەرکەوتنەکانی خۆی و بە پێشکەش کردنی خەڵاتەکەی بە گەلی کورد توانی ئەو پەیامە بە دوژمنانی کورد بدات کە ، ئیرادەی پۆڵایین و هەستی باوەڕ بە خۆ بوونی کورد بە ئێوە تێک ناشکێندرێ و دانارمێ ، ئەوە نادیای خۆشی لە خۆ نەدیویش بە هەموو جیهانی سەلماند کە کورد نەک شەڕخواز نییە ، بەڵکوو ئاشتیخواز و زۆر لێکراوە . سیمای تێک چڕژاو و ڕەنگ پەڕیوی نادیا بۆ نیشاندانی هەموو ئەو جینایەت و زوڵمانەی کە لە کورد کراون ، لە هەزاران کتێب و فیلم کاریگەرتر بوو . ئەو نە هونەرمەند و نە سیاسەتوانە ، بەڵکوو تاکێکی کوردە کە بارتەقای هەموو جیهان خەمی لە کۆڵە . خەمی خاکێکی داگیرکراو و خەمی نەبوونی ئازادی و دادپەروەری . بردنەوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی لە لایەن نادیا مورادەوە ، مۆری تەئیدی زوڵم و زۆرییەکە کە لە کورد کراوە . ئەگەر سیمبۆلە نەتەوەییەکانی کورد شیرازەی لێک گرێدانی گەلەکەمان بن ، ئەوە کۆچەرەکان و نادیاکانیش سیمبۆلی تاکەکانی ئەو گەلەن بۆ باوەڕ بە خۆ بوون و ئیرادە کردن. ئەوان بوون بە دینامیزمی وەگەڕخستنی ئیرادەی تاکی کورد بۆ پشکوتن و دەرکەوتن بە سیمایەکی شیاوتر. بیرکاری کۆچەری کورد و نادیای باڵوێزی ئاشتی و دادپەروەری، بە سەرکەوتنەکانیان شانازی و غوورورێکی نەتەوەییان پێشکەش بە کورد کرد . غوورورێک کە بێ گومان دەتوانێ ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ هان دانی گەنجان و لاوانی کورد لە بەرەوپێشچونی زیاتر و وەدەستهێنانی سەرکەوتنی بەرچاوتر لە داهاتوودا .

**ئەگەر سیمبۆلە نەتەوەییەکانی کورد شیرازەی لێک گرێدانی گەلەکەمان بن، ئەوە کۆچەرەکان و نادیاکانیش سیمبۆلی تاکەکانی ئەو گەلەن بۆ باوەڕ بەخۆبوون و ئیرادە کردن.**

**ئەگەر کاک کۆچەر بە سەرکەوتنەکانی خۆی و بە پێشکەش کردنی خەڵاتەکەی بە گەلی کورد توانی ئەو پەیامە بە دوژمنانی کورد بدات کە ، ئیرادەی پۆڵایین و هەستی باوەڕ بەخۆبوونی کورد بە ئێوە تێک ناشکێندرێ و دانارمێ، ئەوە نادیای خۆشی لەخۆنەدیویش بە هەموو جیهانی سەلماند کە کورد نەک شەڕخواز نییە، بەڵکوو ئاشتیخواز و زۆرلێکراوە.**

**خوێنەرانی ئازیزی "کوردستان" ، هەر وەک ئاگادارن لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە دژی گەلییەکانی سپای پاسداران بەشێوەیەکی بەربڵاو مانۆڕی سەربازییان لە شارەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە برد ؛ هاوکات دۆخی ئابووریی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێت و هیچ دووەرەدیمەنێکی لواو بۆ ژیانێکی ئاسوودە و باشتر بەدی ناکرێت. ئەم دۆخە بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەیدایە تاکوو کۆرەی باکورێکی دیکە بنیات بنێ یان نا مل بۆ ویستەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شۆڕ دەکات؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی تری لەو پێوەندییەمان ئاراستەی بەڕێز "محەممەد ساحێبی" ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەزگای ئاسایشی حیزب کردووە کە لێرەدا سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.**



محەممەد ساحێبی:

**پلانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەها کاتێکدا ئەویە کە زیاتر لە جاران لە نێو خەڵکی خۆرهەڵات حوزوری هەبێت و ڕێکخەر یان پشتیوانی هەر جووڵەیکی شار بێت و لەو ماوەیەدا و لەو چوارچێوەیەدا کاری کردووە.**

## دیمانە: کوردستان

**١. وەک ئاگادارن لە ڕۆژانی ڕابردوودا مانۆڕێکی سەرتاسەری لەلایەن سپای پاسدارانەوە لە ئێران بەڕێوەچوو و تێیدا هەوڵ درا جۆرێک لە "اقتدار" نیشان بدرێت.ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چەند ڕۆژ پێشتری لە ڕژەی سپادا لە ئەهواز کۆمەڵێک کەلێنی ئەمنیەتی خۆیان نواند. پێتان وایە هۆکارە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە مانۆڕانە لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی چین؟ئایا تەنیا خۆنواندن و هەوڵێکە بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک یان پەیامێکی دیکەشی پێیە؟**

ئەگەر چاو لە رابردووی چل ساڵەی حوکمرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین بە کۆبوونەوەی ئەم جارەی بەسیجییەکان لە وەرزشگای ئازادی لە ٧/١٢ دا چوارەمین جارە کە خامنەیی بەم شێوە بەشدار دەبێت، بەڕێوەچوونی ئەم شێوە لە کۆبوونەوە و بەشداری کردنانەی خودی خامنەیی لە رابردوو و ئێستاشدا ، ئەوەمان پێی دەڵێت هەرکات کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی ناوخۆیی نیوان خەڵك و حکومەت بووە پەنای بردووەتە بەر ئەم شێوازە لە نمایش و گردبوونەوە بۆ ئەوەی پەیامی خۆی کە بریتییە لە هەڕەشەکردن و خۆبەهێزنیشاندانی لە بەرانبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوی جوغرافیای ئێران، بە تایبەت لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦وە رێپێوان و ئێعترازی مەدەنی خەڵك چووەتە قوناغێکی تازە لە ئێراندا، لە لایەکی دیکەش پاش ئەو رووداوانە و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران دەیهەوێت بەو نمایشانە بە بیروڕای گشتی دنیا بڵێ ئێستاش خەڵك لەگەڵ رێژیمدان و ئاسایش و تەناهی لە ئێراندا هەیە. بە بڕوای من گردبوونەوەی ئەمجارەی بەسیجییەکان و بەشداری فەرماندە پلە باڵاکانی سپای پاسداران و قسەکانی خودی خامنەیی پەیامێکی هەڕەشە ئامێزیشی بۆ جناحەکانی دیکەی ناو حاکمیەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیشی تێدا بوو کە ئەگەر لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بەیتی رەهبەری و سپای پاسداراندا نەبن لەگەڵ بەسیجییەکانی" ئاتەش بە فەرمان "بەرەورووو دەبنەوە.

**٢. خامنەیی لە کاتی ئاخاوتنی بۆ بەسیجییەکان لە یاریگای ئازادی تاران ئاوڕی لە دۆخی ئێران دایەوە و بە "هەستیار" وەسف کردنی ئەم دۆخە نەیتوانی ترسی خۆی لە داهاتووی نادیاری ڕێژیمەکەی بشارێتەوە؛ هەروەها بۆ پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەی هەموو ئێرانی بەلاشفرۆش کرد و ڕوو لە بەسیجییەکانی وتی:"ئێوە خۆتان خاوەنی وڵاتن"؛ پاشانیش بە هێنانەوەی نموونەی مێژوویی لە شەڕفرۆشی و کوشتارەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بۆ سەرکووتی ئازادیخوازان لەلایەن بەسیجییەکانی ئەو کاتەوە پێی وتن: "ئێستە نۆرەی ئێوەیە کە هەمان ڕێچکە بگرنە بەر و بەرەو سەرکەوتنی "نیزام" هەنگاو بنێن". بەڕای ئێوە ئەم ئاوەڵاکردنی زیاتری دەستی تاقمە خۆسەر و شەڕفرۆشەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی زیاتری ئازادیخوازان لە ئێران و کوردستان نییە؟ئەگەر وایە پێویستە خەڵک و بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلە بجووڵێنەوە؟**

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لەگەڵ چەندین قەیرانی گەورەی نیوخۆیی وەك ئابووری، ئازادی، بەرەو هەڵکشانی خواستی خەڵك بە گشتی وبەتاییبەت نەتەوە ستەم لێکراوەکانی جوغرافیای ئێران لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی دەستێوەردانەکانی رێژیم لە وڵاتانی ناوچە و پشتیوانی لە تاقمە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە و بەرنامەی موشەکی بالستیکی، لەگەڵ قەیرانی دەرەکیش بەرەورووو بوون. بە شناختێك کە لە کۆماری ئیسلامی هەیە، نە ئاڵوگۆر لە سیاسەتی دەرەکی خۆی وەك حکومەتیکی ئیدئولوژیك دەهێنێت و نە لە تونایدایە بەو سیستمە فاسیدە ئیدارییە، قەیرانە ئابوورییەکانی ناوخۆی و کێشەی نەتەوەکان و یەك لەو نەتەوانە کە کوردە چارەسەر بکات، هەر بۆیە تەنیا رێگایەك کە کۆماری ئیسلامی پەنای دەباتە بەری، سەرکوتی خەڵکی مافویستە و پێی وایە بە سەرکوت و موشەك هاویشتن دەتوانێت نیزامەکەی بپارێزێت. هەر بۆیە پێویستە هەموو خەڵك و بە تایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە رێگای گونجاو درێژە بە ئێعترازە مەدەنیەکانیان بدەن و مێژووی کۆماری ئیسلامیش ئەوەی دەرخستووە لە ژێر گوشاردا نەبێت رێژیم پاشەکشی لە سیاسەت و هەوڵی سەرکوتکەرانەی ناکات.

**٣. هەنووکە دۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە دۆخێکی نەشیاوە بۆ ڕێژیم و وەک کارناسان دەڵێن لە داهاتوویەکی نیزیکدا ئەم ڕەوشە خراپتریش دەبێ. پێتان وایە سەرهەڵدانێکی جەماوەری بەهۆی برسیەتی و گرانی و بێکاری بێتە ئاراوە؟ وەک دەڵێن شۆڕشی ئەمجارەی ئێران شۆڕشی برسییەکانە.**

هەر وەك پێشتر عەرزم کردن قەیرانەکانی ئێران تەنیا ئابووری نییە بەڵام بۆ مەسەلەی ئابوورییەکەشی کە تا ئێستا رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتربوون دەڕوات، بەرهەمی ئەو سیاسەتە چەوتانەی رێژیمە کە زۆربەی داهاتەکانی بە هۆی دزی و فەساد و هەروەها دابینکردنی بودجەی نیزامی و گرووپەکانی جێگیر لە وڵاتانی دیکە تەرخان دەکات، کە تا دێت خەڵك زیاتر هەژار دەبێت، لە بەرانبەردا رێژەی بێکاری و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنیت؛ بە تایبەت لە ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ دا گەڕی سەرەکی گەمارۆکان دەخرێتە سەر ئێران و ئەو رەوتە پەرە دەستێنیت؛ وشیار بوونی خەڵك بو داواکاری مافەکانیان و نەگۆڕی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا شیمانەی ئەوە دەدات بە دەستەوە کە ئێعتراز و خۆپیشاندانەکان لە ئێراندا پەرە بستێنێت.

**٤. پلانی ئێوە وەک حیزبی دێموکرات یان پلانی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە ئێستە لەژێر چەتری ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کار دەکەن چی دەبێ؟ئایا هیچ هەماهەنگییەک لەو پێوەندییەدا کراوە؟**

پلانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەها کاتێکدا ئەویە کە زیاتر لە جاران لە نێو خەڵکی خۆرهەڵات حوزوری هەبێت و رێکخەر یان پشتیوانی هەر جووڵەیکی شار بێت و لەو ماوەیەدا و لەو چوارچێوەیەدا کاری کردووە؛ لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆمەڵێك کاری هاوبەش کراوە هەرچەندە زۆر باش بووە بەڵام لە باری زەمانییەوە درەنگە و شێوە هاوکارییەکان لە چەند بوارێکی کەمدایە کە ئێمە لە هەوڵداین لەگەڵ ئەو لایەنانەی دیکە پەرە بەو هاوکارییانە بدەین و کۆمەڵێك رێگای دیکە و زیاتر لە جاران پەرە بە هاوکاری و کاری هاوبەش بدەین و یەك دیسکورسی هاوبەش لە نێوان حیزب و رێکخراو و کەسایەتییەکانی کوردستان بۆ ئەو قۆناغەی کە لە داهاتوودا چاوەروان دەکرێ ئامادە بکەی.

**٥. لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕێژیم گوشارەکانی بۆسەر حیزبی دێموکرات چڕتر کردووەتەوە؛ لەلایەکەوە بە مووشەکباران و لەلایەکی دیکەشەوە بە تۆپباران و خومپارەبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە شاخەکانی کوردستان؛ چەندە ئەگەری هەیە وەک ساڵانی پێشووتر ڕێژیم بە تیرۆری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب چ لە باشووری کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بیهەوێ بزووتنەوی کورد زەرەرمەند بکات؟ چ ڕێنماییەکتان لەو پێوەندییەدا هەیە؟**

کۆماری ئیسلامی لە هاتنە سەرکارییەوە تا ئێستا ئەوەی لە دەستی هاتووە لە دژی جوولانەوەی مافویستانەی خەڵکی کوردستان وەك گرتن، ئەشکەنجە، زیندان، سوتاندن، کوشتن و تیرۆر کردن، کردوویەتی و دەستی نەپاراستوە و لە ئێستاشدا بێگومان هەر درێژەی ئەو سیاسەتانەی دەدات بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە زیاتر لە جاران هەست بە ترسی لە ناوچوون دەکات، بۆیە لە هیچ کردەیەکی تیرۆریستی دەست ناپارێزێت و هەوڵی زیاتر بۆ زەربە لێدان لە رێگای موشەکباران، توپ و کاتیوشاباران و هەروەها وەگەڕ خستنەوەی گرووپەکانی تیرۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەدات. بۆیە لە جاران زیاتر پێویستە ریوشوێنە ئەمنیەتییەکان بۆ خۆپاراستن لەو کردەوانەی رێژیم لەبەرچاو بگرین و دەرفەت بۆ سەرکەوتنی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی نەهێڵینەوە.

**٦. داهاتووی ڕاسان چۆن دەبینن؟**

راسان وەك پرۆژەیەك لە قۆناخی ئێستای خەبات کە بریتییە لە خەباتی چەندرەهەندی و بە تایبەت لێکگریدانی خەباتی شاخ و شار بە پێی پێویستی و گونجاوی کەڵك وەرگرتن لە هەموو رەهەندەکانی بە پێی بارودۆخەکە بێگومان بەرەو پێش دەچێت؛ هیچ هەڕەشە و گوڕەشەیەکی رێژیم هەنگاوەکانمان بۆ بەرەوپێش بردنی راسان پێ شل ناکات بەڵکوو رەژدتر دەبین لە سەر هەموو شێوازەکانی خەبات کردندا.

# پێگەی ئاندرێ ژید
## نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی لە ئەدەبیاتی فەرەنسادا

"خۆزگە گەورەیی لە نیگاتدا بوایەت، نەک لەو شتەی کە بۆی دەڕوانی"

زیاتر لە نیوسەدە لە بواری ئەدەبیاتدا، نووسینەکانی کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەر و حاشاهەڵنەگری لەسەر جیلی نوێ لەدوای هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا دانا.

باوکی مامۆستای یاسا بوو و دایکیشی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی نێرماندی. لە باوک و دایکێکی پرۆتێستان نووسەرێک پێی نایە بواری ئەدەبیاتەوە کە تامەزرۆیی گەیشتن بە جوانی و چێژەکانی ژیان، ئەزموونی ڕەهابوون و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکان بەلایەوە زۆر گرنگتر بوو لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و ئەزموونە دینی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو کەسێک بوو کە کاری نووسینی لەگەڵ بزووتنەوەی نەمادگەرایی (سیمبۆلیزم) دەستپێکرد و بەلای دژە داگیرکاری لەنێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا شکایەوە. زیاتر لە ٥٠ کتێبی لە سەردەمی مردنیدا نووسیوە کە زۆر کاریگەر و ڕاچڵەکێنەر بوون.

(ئاندرێ ژید)ی فەرەنسی لە ٢٢ی نۆڤەمبێری ١٨٦٠ لە پاریس و لە بنەماڵەیەکی پرۆتێستان لە چینی ماومناوەند لەدایکبوو. بنەماڵەی باوکی لەدوای هەڵبژاردنی پرۆتێستانتیزمی ٤ لە سەدەی شازدەهەم بەهۆی ئازار و ئەزییەتەوە، بۆ ئیتالیا کۆچیان کرد و بەشێکیشیان بۆ فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوا و باکوور کۆچیان کرد.

ئاندرێ کە تاکە منداڵی بنەماڵەکەی بوو لە دۆخێکی وشک و پڕ لە دەمارگرژی مەزهەبی گەورە بوو. بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە کە دواتر تووشی بوو، نەیدەتوانی بە بەردەوامی درێژە بە خوێندن بدات بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر کە بنەماڵەکەی کە خولیایان خوێندن و زانست بوو درێژە بە خوێندنی لە ماڵەوە نەدەن. ئەو کاتەی کە یازدە ساڵان بوو باوکی مرد و لە ژینگەیەکی ژنانە و یاسا توندوتۆڵەکانی دایکیدا گەورە بوو. ژید حەزی لە خوێندن نەبوو و ڕقی لە قوتابخانە دەبووەوە، ڕێک پێچەوانەی بنەماڵەکەی کە گرنگییەکی زۆریان بە خوێندن دەدا و هەوڵیان دەدا ئاندرێ بە باشی بخوێنێت.

ئاندرێ ژید چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆی لە ساڵی ١٨٩١ و لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا دەستپێکرد، لەوێوە کە بارودۆخی ئابوورییان باش بوو و پێویستی بەکارکردن نەبوو، توانی بە دڵی خۆی بنووسێت و کاتی بۆ تەرخان بکات. هەروەها شاعیران و نووسەرانی بەناوبانگی وەک پییەر لوییس، پۆل والری و ستێفان مالارمێ، پاڵپشتییان دەکرد بەتایبەتی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ مالارمێ بووە هۆی ئەوەی لە سەرەتای نووسینەکانیدا لە ڕێبازی سیمبۆلیزم نزیکتر بێت، بەڵام زۆری پێنەچوو لەو ڕێبازە هەڵگەڕایەوە و ئەویش وەکوو نووسەرانی وەکوو مونتی، ڕۆسۆ و ستێندال، ژیانی مرۆڤەکانی کردە بابەتی سەرەکی نووسینەکانی و دەستی بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە پرسە عاتیفی و دەروونییەکانی خۆی کرد و هەوڵیدەدا تا لە خواستەکان، پێویستییەکان، سترێسەکان، لاوازی و بەهێزییەکانی ڕۆحی بەشەر تێبگات و پەردە لەسەر نهێنییەکانی لابدات.

ئەو نووسەرە فەرەنسییە، یەکەمین بەرهەمی خۆی لەساڵی ١٨٩١ بە ناوی (دەفتەرەکانی ئاندرێ والتێر) کە بە کتێبی (دوای مردن) ناوبانگی دەرکرد نووسی. خاوەنی ١٥ کتێبە کە زۆربەی بەرهەمەکانی توانیویانە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر تێفکرین و بیرکردنەوەی خوێنەرەکانی دابنێن. ژید لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە تێکەڵی ژیان دەبێت و ڕاستییەکان وەک خۆی بە خوێنەرەکانی دەگەیەنێت. جیاواز بیردەکاتەوە و جیاوازیش دەنووسێت، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی نووسینەکانی و بەدەستهێنانی ناوبانگێکی ئەدەبی بەرز لە ئەدەبیاتی جیهانیدا.

ڕەنگە ئەمەش بەناوبانگترین وتەی ژید بێت کە دەڵێت:

"چەندە بەرز بفڕیت، لە چاو کەسانێک کە لە فڕین تێناگەن بچووکتر دێیتە بەرچاو".

بەرهەمەکانی ژید زۆرترین کاریگەرییان لە سەردەمی خۆیدا لەسەر ڕەوتی ژیان و تێڕوانینی خوێنەرەکانی داناوە. لە هەمانکاتیشدا ژید هۆشداری دەداتە خوێنەرەکانی و دەڵێ:

" کتێبەکەم فڕێ بدە، مەهێڵە قەناعەتت پێبهێنێت! دڵنیابە کە کەسێکیتر ناتوانێت ڕاستییەکانی تۆت بۆ بدۆزێتەوە.. بە خۆت بڵێ، ئەم کتێبە هەموو شتێک نییە مەگەر یەکێک لەو هەزاران شێوازەی ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان. ... تۆ ڕێگەی خۆت بدۆزەوە."

ئاندرێ پاوڵ گیوم ژید، نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی، لە ساڵی ١٩٤٧ و لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی پێبەخشرا. لەو کاتەدا دەڵێت:

" گەورەترین فریشتەی چارەنووس بە گوێکانمدا دەچرپێنێت کە کاتێکی زۆر لە تەمەنت نەماوە"

ئەو نووسەرە بەناوبانگە فەرەنسییە، ساڵی ١٩٥١ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

گرنگترین بەرهەمەکانی ئاندرێ ژید کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی ئەمانەن:

سکە سازان، ئەگەر تۆو نەمرێت، دەخمەکانی ڤاتیکان

ئامادەکردنی: هەرمان

# کۆڵبەر

لە ساڵڕۆژی منداڵان،
خەونی ڕەنگاوڕەنگی منداڵ
لە ناو کۆڵی ماندووی باوکان
لە سەر سنوور سوورپۆش دەبن!
لە ساڵڕۆژی لەشکردا،
تفەنگەکان، بە قرمژی سەر کۆتری هاواری گەل
یان نیشانەی کۆڵبەری کورد سەرخۆش دەبن!
...
لە ساڵڕۆژی مامۆستادا
حوکمدارانی گەمژەیی
وانەی درۆ و یانەی دەهۆ
بۆ قوتابخانە دەنێرن
مامۆستاکان، دڵیان پڕ و گیرفان خاڵی،
یان ئاژەڵی گەمژە پەرست
یان شێرانی تابوشکێن باردەهێنن!
وڵاتم وەهمێکی بەرین
بە بەرینی برسێتانی خۆم!
ئازادی وەهمێکی شیرین
بە سەرابی خەیاڵەکانی خۆم
هەموویش وەهمی ڕەنگاڵ کراوی ئەفسانەیین
هەزاران ساڵە، ملوێنان میگەل
لە ناو بەڵێنی سەوزی دەسەڵات
گورگ دەژێنن!
عەداڵەت، دێوجامەیێکی ڕەنگاڵەی خەندەڕێژە و
گورگی بیرمەند، باڵاپۆشی خۆی لێدەکا و
بە لەوەڕگەی خەیاڵەوە، میگەلیش بۆی هەڵدەپەڕن!
تفەنگ، قاقای ئازادی هەڵدەدا و
میگەل میگەل، شێعر شاباشی بۆ دەکەن!
قەفەزێکی شوعارپۆشی کاندید کراو
شیشەکانی، زریوەی جریوەی ئازادی لێدەڕژێت
پۆل پۆل باڵدار، ئاوازڕێژی باڵای دەکەن!
دنیا کێڵگەی ڕەنگاوڕەنگی وەهمستانە
نوستووانی وەرزەکانی وشکی خەیاڵ
ژین دەچێنن، مەرگ دەدروون... !

ڕەحیم لوقمانی



KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:735 7 Oct. 2018

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەزبەری ٩٧ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ
## لە دوو حەوتووی ڕابردوودا





### دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونیی چارەنووسی زیندانیان:

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "کەریم ئەحمەدپوور"، خەڵکی گوندی "بێورانی خواروو" سەر بە شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەر، شەش هاووڵاتیی کورد لە شاری بانە بە ناوەکانی "میلاد ڕەسووڵی، موحسێن قادرپەنایی، ئەرکان ڕەزایی، ڕزگار محەممەدی، تەیب ئەحمەدی و عەتا ڕەشیدزادە"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. چەند ڕۆژ پێش ئەم ڕووداوەش هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "کامیل عەزیزی" دانیشتووی گەڕەکی "بەهارستان"ی سەقز، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە کراوە.

سێشەممە ٣ی ڕەزبەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی دوو هاووڵاتیی کورد لە "گۆگتەپە"ی شاری مەهاباد و دەسبەسەریان کردوون؛ هەواڵنێری کوردپا لە شاری مەهاباد شوناسی ئەو دوو لاوە مەهابادییەی بە ناوەکانی "حەسەن ئەرتەنگ و ئارام خورسەندی" ڕاگەیاندووە.

لە لایەکی دیکەوە هەواڵنێری کوردپا لە شاری بۆکان لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەزبەر ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئەسعەد حاجی ڕەسووڵی" خەڵکی گوندی "ئاڵیکەند" لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ئیجلال قەوامی، چالاکی مافی مرۆڤ، دانیشتووی شاری سنە، بەبێ ئامادەبوونی خۆی لە لقی ١٠٩ی دادگای کەیفەری ٢ی ئەو شارە، بە تۆمەتی "بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بۆ تێکدانی بیروڕای گشتی" بە ٨ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کراوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی خەزڵوەر، کچێکی کورد بەناوی "ئەفسانە خورسەندی" خەڵکی "گۆگتەپە"ی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا.

چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سنە بەناوی "محەممەد ڕۆستەمی" کوڕی "سەعید" بانگهێشتی دادگای ئەم شارە کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئەنوەر جەنگی" خەڵکی گوندی "حاجی حەسەن موکریان" سەر بە ناوچەی "شامات"ی میاندواو لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی هەینی ٦ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "شێرکۆ ڕەهبەری و یەعقووب محەممەدی"، خەڵکی "گۆگتەپە"ی شاری مەهاباد، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

هەروەها کازم ئیمانزادە، بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی ماڵپەڕی (خبری_ تحلیلی) "هیوا نیوز"، بانگهێشتی لقی یەکی دادگای کەیفەریی شاری سنە کراوە.

"سەحەر کازمی" چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری سنە، بۆ بەندی ژنانی زیندانی شاری سنە گوازراوەتەوە و چارەنووسی ناڕوونە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، بە ناوی "ئیبراهیم دیوازی"، دانیشتووی شاری مەهاباد، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.

لاوێکی کورد بە ناوی "ئێقباڵ ئەحمەدپوور"، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی "ئەنبێ"، سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ڕاگوێزرا.

شەوی ٧ی ڕەزبەر، "ئیبراهیم ئیسکافی"، نووسەر و چالاکی خوێندکاریی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە شاری کرماشان دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەزبەر، ژنێکی کورد بە ناوی "بەفرین" خەڵکی "گۆگتەپە"ی شاری مەهاباد لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی ڕەزبەر، هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "فوئاد و ئازاد ئەمجەدی" لە شارەکی نەساجی و ئەو دوو برایەیان دەسبەسەر کردووە.

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "هوشیار کەسرایی"، کوڕی ڕەشید، خەڵکی گوندی "نێ"ـی شاری مەریوان، پاش ٨٥ ڕۆژ لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، بۆ زیندانی گشتیی شاری مەریوان گەڕێندرایەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی ڕەزبەر، بەڕێوبەری کانالی تێلگرامی " سەلام پاوە " و بەڕێوبەری کانالی تێلێگرامی "دەنگی نوریاو" لە لایەن ئیتلاعاتی شاری پاوەوە بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کران؛ "فەرهاد ساڵحی" بەڕێوبەری کانالی سەلام پاوە و "موزەفەر وەلەدبەیگی" بەڕێوبەری کەناڵی دەنگی نوریار، بە هۆی ڕووماڵکردنی هەواڵی کوژرانی کۆڵبەری کورد "عەزیم ئەحمەدی" لەو دوو کاناڵە تێلێگرامییە بووەتە هۆی بانگهێشت کرانیان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "عوسمان زەبرە" خەڵکی تاچینئاوا"ی شاری شنۆ و پاش پشکنینی ماڵەکەی ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

ڕەسووڵ (هەژار) ڕەحیمی، بەڕێوەبەری پایگای خەبەری "هەواڵ" بۆ لقی ٢ی دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری ورمێ بانگهێشت کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری ئیلام، بە ناوی "ئەحمەد شاهد"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنیکی نادیار ڕاگوێزراوە.

### کۆڵبەران:

دوو کاسبکاری کورد، بە ناوەکانی "مەسعوود کوڕی ڕەحمەت و فەرزاد وەیسی" لەگەڵ حوکمی دەسبەسەرکردن لە لایەن دادگای شاری پاوە بەرەوڕوو بوونەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "بێهزاد قاسمی" کوڕی مەمەند، خەڵکی شاری "ڕەبەت"ـی سەردەشت بە هۆی جەڵتەی دڵ گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری شاری سەڵماس، دەسرێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد کرد، کە لە ئاکامدا دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی سەڵماس بریندار بوون؛ شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، بە ناوەکانی "عەبدولعەزیز فەنەکی و میرحاج عەلیزادە" ڕاگەیەندراوە .

ڕۆژی دووشەممە ٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ئەکرەم خەلیلی"، تەمەن ٢٧ ساڵ، خەڵکی "کووران" لە ناوچەی سۆمای برادۆست، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شەفیع محەممەدپوور" خەڵکی بەخشی سیلوانای شاری ورمێ لە خاڵی سنووری ئەو شارە بریندار کرا .

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شاری نەوسوودیان دایە بەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە نزیک گوندی "دیناران" لە ناوچەی "ئالان"ـی شاری سەردەشت، دایە بەر دەسرێژ و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا دوو کۆڵبەری کورد، بە ناوەکانی "کەماڵ قادریان" تەمەن ٢٨ ساڵ و "ئومید ساڵحپوور" تەمەن ٢٣ ساڵ بە سەختی بریندار بوون.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەرمانان، حەمیدڕەزا سپاهی لایین تەمەن ٣٢ ساڵ و برای عەلیڕەزا سپاهی لایین، شاعێری کوردی خەڵکی خۆراسان، لە نزیک گوندی "درگێز" بە تەقەی فەرماندەی پاسگای "سنگدیوار"، جەواد ئەمیری پێکرا.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی رەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، دەستیان بەسەر زیاتر لە ٣٠٠ سەر مەڕوماڵاتی خەڵک لە شاخەکانی "کوڕا بەڕی سپی" لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێدا گرت.

### خۆکوژیی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی شەممە ٣١ی خەرمانان، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ، بە هۆی کێشەی ئابووری و نەبوونی پێداویستییەکانی قوتابخانە دەستی دایە خۆکوشتن و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ، بە ناوی "کازم ئەشتەری فەیلی" خەڵکی گوندی "چەمشێر"ی شاری سیروان لە پارێزگای ئیلام، بە چەکی ڕاو (تاپڕ)، کۆتایی بە ژیانی خۆی هیناوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەزبەر، ژنێکی لاو بە ناوی "م. س" تەمەن ٢٠ ساڵ، خەڵکی گوندی "قازانلی" هەوشار، خۆی کوشتووە.

### بریندار بوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران بە هۆی ڕووداوی کار لە کوردستان

ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەزبەر، کرێکاری پێ لە تەمەن، خەڵکی گوندی "دەرەوزمـ"ـی شاری سونقوڕ کولیایی، لە کاتی بیرهەڵکەندن، تووشی گازگرتوویی دەبێت و گیانی لە دەست دەدا.

هەواڵدەریی حکوومەتی "ئیلنا" شوناسی ئەو کرێکارە کوردەی، بە ناوی "مەنووچێهر" تەمەن ٥٤ ساڵ، خەڵکی گوندی "دەرەوزمـ"ـی شاری سونقوڕ کولیایی ڕاگەیاندووە.

تەقینەوەی مین

سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەزبەر، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی "عەبدوڵڵا محەممەدزادە" خەڵکی گوندی "تینال" سەر بە شاری مەریوان و "عەلی نادری" خەڵکی گوندی "گەونتوو" سەر بە شاری دیواندەرە بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنووری مەریوان کوژران.

کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی "حەمید سەعیدی" کوڕی سەید محەممەد ئەمین خەڵکی گوندی "باینچووب" سەر بە شاری سنە لەو ڕووداوەدا بە توندی بریندار بوو

ئێعدام

مەحیەدین ئیبراهیمی" کوڕی محەممەد، تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی گوندی "ئاڵکاوێ"ی شاری شنۆ لە لایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ بە ئێعدام مەحکووم کرا؛ دادگای ئینقلابی شاری ورمێ ئەم هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی "هاوکاری و ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزسیونەکانی حکوومەتی ئێران" تاوانبار و حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپاندووە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٠ی ڕەزبەر، حوکمی ئێعدامی سێ زیندانیی، بە ناوەکانی "سەلمان خانعەلیلو، زەینەب سکانوەند و حەسەن حاجیلوو"، لە زیندانی ورمێ جێبەجێ کرا.

دوو زیندانیی دیکە بە ناوەکانی "مووسا نەعێمانی و چەنگیز ئێرانی" بۆ جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانیان، بۆ ژووری تاکەکەسیی گوازرابوونەوە کە بە دانی مۆڵەت بۆ وەرگرتنی ڕەزایەت لە بنەماڵەی کوژراوەکان بۆ بەندەکانیان گەڕێندرانەوە.

**ئەم ئامارانە بە پشتبەستن بە ئامارەکانی ناوەندی ئاماری تۆمار کراوە لە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا خراوەتە ڕوو.**